# پراگماتیزم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی هەردوو ئیدارەی (باراک ئۆباما) و (دۆناڵد ترەمپ)دا

## (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیی شیکاریی بەراوردکارانەیە)

**هێما نیازی حمد**

بەشی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیل:** Hema.niazy@yahoo.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە فەلسەفەی پراگماتیزم و گەشەکردنی شیبکاتەوە و پیادەکردنی ئەو فەلسەفەیە لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە کابینەکانی هەردوو سەرۆکی ئەمریکا (باراک ئۆباما) و (دۆناڵد ترەمپ)دا بەشێوەیەکی بەراوردکارانە بخاتە بەر شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە.

فەلسەفەی پراگماتیزم لە ناوەندی سیاسەتی ئەمریکادا پێگەیەکی گرنگی لە داڕشتنی بڕیار و سیاسەتی دەرەوەدا هەبووە و پیادەکردنیشی لە نێوان ئیدارەی (باراک ئۆباما) و (دۆناڵد ترەمپ) لە شێوە و میکانیزمی جیاوازدا بەرجەستەبووە، کە تێگەیشتن لەو ڕوانگە و ئاراستە سیاسییە، هاوکارە بۆ زیادکردنی تێگەیشتنێک لەبارەی داڕشتن و پیادەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

پرسیاری سەرەکیی توێژینەوە کە هەوڵدراوە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە وەڵامبدرێتەوە، بریتییە لەوەی جیاوازییە سەرەکی و دیارەکانی سوودوەرگرتن و پیادەکرنی پراگماتیزم لە نێوان هەریەک لە ئیدارەکانی (ئۆباما) و (ترەمپ) چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا ڕەنگیداوەتەوە؟

لە توێژینەوەکەدا گریمانەی ئەوە کراوە کە پراگماتیزم بە گشتی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئەمریکا بەکارهێنراوە و پیادەکردنیشی بەپێی گۆڕانی کات و شوێن و سەرۆکایەتیکردنی ئەمریکا، گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی مێژوویی و شیکاری و تێبینیکاری و دەروازەی تیۆری ڕیالیستییەوە، گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی کە پراگماتیزم لە سەردەمی ئیدارەی (باراک ئۆباما) لە شێوەی هێزی زیرەک و شاراوە و نەرمدا خۆی بەرجەستەکردووە کە سەرباری خواستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئەکتەر و



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لایەنەکانی دیکەی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی پشتگوێ نەخستووە. بەڵام لە سەردەمی (دۆناڵد ترەمپ)دا پراگماتیزم خۆی لە شێوازی پراگماتیزمی ڕەق و ئاشکرا و بەرژەوەنخوازانەی ئابووری و سیاسیی ئەمریکادا بەرجەستەکردووە کە خواستی سەرەکی، تەنیا پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بووە.

**کلیلە وشەکان:** پراگماتیزم، سیاسەتی دەرەوە، باراک ئۆباما، دۆناڵد ترەمپ.

## پێشەکی:

لە سەدەی بیستەمدا هاوکاتی گەشەکردنی پیشەسازی و گواستنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ قۆناغی نوێ و گەشەکردنی قوتابخانە تیۆرییەکانی پەیوەست بە شیکردنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چەمکی پراگماتیزم (Pragmatism) لە سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەرکەوت. ئەم گۆڕانکارییەی بەهۆی فەلسەفەی پراگماتیزم هاتەکایەوە، بە تەواوی جیاواز بوو لەو فەلسەفانەی لە قۆناغی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاستدا هاتبوونە کایەوە. چونکە لەلایەک بەرپەرچی تیژ و تێگەیشتنە میتافیزیکی و تێگەیشتنە فەلسەفییە کۆنەکانی لەبارەی جیهان و گەردوونەوە دایەوە، لەلایەکی دیکەش تا ڕاددەیەکی زۆر ڕابردووی فەرامۆش کرد و چاوی خستە سەر ئایندە. دەوڵەتی ئەمریکا، چ لە قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهانی و چ دوای شەڕی سارد کە بە سەرکەوتنی بلۆکی سەرمایەدایی ئەمریکا کۆتایی هات، لە بواری سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا پشتی بە پرەنسیپی پراگماتیزم بەست. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لەڕووی چوارچێوەی تیۆری و فیکرییەوە چەمکی پراگماتیزم لە ڕووی مێژوویی و پرەنسیپەوە شی بکرێتەوە، پەیوەست بە چوارچێوەی کردەیی توێژینەوەکەش، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە هەردوو ئیدارەی (باراک ئۆباما و دۆناڵد ترەمپ)دا وەکو لایەنی بەراوردکاری بخرێتە بەر باس و شیکردنەوە.

## گرنگیی توێژینەوە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پیشاندان و خستنەڕووی لایەنی کردەیی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە دوو سەردەمی کابینەی جیاوازیی حکومەتی ئەمریکا دەکاتە لایەنی کرداریی توێژینەوەکە. ئەم گرنگییە تێماندەگەیەنێت چۆن چەمکێکی هزریی وەکو پراگماتیزم لە پانتایی سیاسەتی کردارییانەی نێودەوڵەتیدا خۆی پیشاندەدات و چ ڕۆڵێک دەبینێت لە بونیاتنان و گەشەپێدان و پاراستنی بەرژەوەندی و ئاراستە جۆراوجۆرەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. هەر ئەوەشە وادەکات هاوکارمان بێت لەو ئەتمۆسفێر و کەشە سیاسییە تێبگەین کە لە نێو ژینگەی نێودەوڵەتیدا هەیە و هێز و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو گۆڕەپانە چۆن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە سیاسییانە لە هەوڵدان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## کێشەی توێژینەوە (پرسیاری توێژینەوە):

پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکەمان بریتییە لەوەی: پراگماتیزم چۆن لە هەریەک لە کابینەکانی (باراک ئۆباما و دۆناڵد ترەمپ)دا لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا ڕەنگیداوەتەوە و جیاوازیی هەرکامێکیان چین؟

## گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە : پراگماتیزم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە، ئەوەش لە هەردوو کابینەی (باراک ئۆباما) و (دۆناڵد ترەمپ)دا بەشێوەی جیاواز ڕەنگیداوەتەوە و بەکارهێنراوە. لەسەردەمی (باراک ئۆباما) پراگماتیزم خۆی لە جێبەجێکردنی هێزی زیرەک و نەرم (پراگماتیزمی شاراوە)دا بەرجەستەکردووە، بەڵام لە سەردەمی (دۆناڵد ترەمپ)دا پراگماتیزم خۆی لە بەدیهێنانی بەرژەوەندیی تاکلایەنەی ئابووری و سیاسی ئەمریکا (پراگماتیزمی ئاشکرا و زەق) بەرجەستەکردووە.

## میتۆدی توێژینەوە :

لەم توێژینەوەیەدا، بە لەبەرچاوگرتنی بنەما ڕەسەن و زانستییەکان چەند میتۆدێک بەکارهاتوون:

**میتۆدی شیکاری:** پشتبەست بە زانیاری و بنەما لۆژیکییەکانی شیکردنەوە، توێژەر هەوڵدەدات بەشێوەیەکی زانستی و بنەماکانی شیکردنەوە، ڕوونکردنەوەی ورد لە بارەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە پێشکەشبکات و تایبەتمەندیی بابەتیبوونیش پشتگوێ نەخات.

**میتۆدی تێبینیکاری:** توێژەر لە گشت بەشەکانی توێژینەوەدا لەسەر هەر جۆرە باس و تەوەرەیەک، لە ڕێگەی پەیپێبردنی خودییەوە و لە بەرەنجامی هەڵهێنجانی زانیارییەکانەوە، تێبینی و شیکردنەوەی خۆی بەشێوەیەکی سنووردار و بەئاگایانە سەرباری بابەتەکان کردووە.

**دەروازەی تیۆری:** لەڕووی تیۆرییەوە توێژینەوەکە زیاتر پشت بە دەروازەی تیۆریی ڕیالیستی کلاسیک و ڕیالیزمی نوێ دەبەستێت. ڕیالیزمی کلاسیکی هەردوو پێوەری (هێز) و (بەرژەوەندی) بە بنەما سەرەکییەکانی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە و دابینکردنی ئامانجە نیشتمانییەکان لێکدەداتەوە و ڕیالیزمی نوێش پرسی مانەوەی دەوڵەت لە ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی وەک تاک جەمسەر و بەردەوامیدان بە هێز و هەژموون بە هەند وەردەگرێت. لەم ڕووەوە هەوڵدەدرێت زیاتر لە ڕوانگەی هەردوو جۆر ڕیالیزمەوە سەیری پراگماتیزم بکرێت و لێکدانەوەی بۆ بکرێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## سنوور و چوارچێوەی توێژینەوە:

١- لایەنی بابەتی: بریتییە لە چەمک و قوتابخانەی پراگماتیزم و کاریگەرییەکانی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا لە هەردوو ئیدارەی (باراک ئۆباما) و (دۆناڵد ترەمپ)دا.

٢- لایەنی شوێنەکی: سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە هەردوو کابینەی سەرۆکانی ئەمریکا (باراک ئۆباما) و (دۆناڵد ترەمپ) بە گشتی ڕووە و جیهان دەگرێتەوە.

٣- لایەنی کاتەکی: ئەم توێژینەوەیە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەردەمی (باراک ئۆباما) لە ساڵانی (٢٠٠٨ ـ ٢٠١٦) و هەروەها سەردەمی سەرۆکایەتیی (دۆناڵد ترەمپ) لە ساڵانی (٢٠١٦ ـ ٢٠٢٠) بە نموونە وەردەگرێت.

## توێژینەوەکانی پێشتر:

لە بواری نووسینی توێژینەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بە زمانی جیاواز گەلێک لێکۆڵینەوە و تێز بەرچاو دەکەون، بەڵام لەبارەی (پراگماتیزم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا)دا بە تایبەتی پەیوەست بە بەراوردی پراگماتیزمی هەردوو ئیدارەی (باراک ئۆباما) و (دۆناڵد ترەمپ) هیچ توێژینەوەیەک لەبەردەست نیە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە لاسایی و شوێنکەوتووی هیچ توێژینەوەیەکی دیکە نیە و سەربەخۆیانە ویستوویەتی بابەت و ناوەرۆکێکی نوێ بەئامانج بگرێت.

لەم توێژینەوانەی لەسەر (سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا) لە هەرێمی کوردستاندا نووسراون:

-السیاسه الخارجیه الأمریکیه بعد احداث ١١ سبتمبر ٢٠٠١ (التغییر و التحدیات)، عمر حمد أمین نورالدینی، جامعة صلاح الدین/اربیل،٢٠١١

لەم تێزەدا کە بۆ وەرگرتنی پلەی دکتۆرا پێشکەشکراوە، توێژەر لە بەشی یەکەمدا ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی پەیوەست بە بنەما هزری و فکرییەکانی ڕەوتە سیاسییەکانی ئەمریکا شیکردووەتەوە و لەو چوارچێوەیەشدا چەمکی هێز و بنەماکانی شیکردووەتەوە. لە بەشی دووەمیشدا ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئامرازەکانی لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەردا شیکردووەتەوە و لە چوارچێوەیەشدا ڕۆڵی ئەمریکای لە هەژموون و سەرکردایەتیکردنی جیهان لە دوای ئەو ڕووداوانە خستووەتە بەرباس. لە بەشی سێیەمیشدا ئەو ئاستەنگە ناوخۆیی و دەرەکییانەی باسکردووە کە لەبەردەم ئەمریکادا دوای ١١ی سێپتەمبەر لە بەردەم جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەکیدا درووستبوونە. بە گشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕووی بابەتییەوە شێوەی گشتیی سیاسەتی دەرەوە لەدوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە دەکاتە پرسی خۆی و لە ڕووی سنووری کاتەکیشەوە زیاتر پەیوەستە بە سیاسەتی دەرەکیی ئیدارەی (جۆرج بۆش) لە دوای ١١ی سێپتەمبەردا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

– الاستراتجية الولايات المتحدة الأمريكيه تجاه الشرق الأوسط (محاربه الارهاب و دعم التغيير الديمقرطى بين ٢٠٠١–٢٠١٢)، كامران مجيد حسين، جامعه صلاح الدين/ أربيل، ٢٠٠٨.

لەم توێژینەوەیەدا، لە بەشی یەکەمدا بەگشتی چەمکی ستراتیژی ئەمریکا و ستراتیژی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شیکراوەتەوە. هەروەها گرنگیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ستراتیژی ئەمریکادا باسکراوە. لە بەشی دووەمدا ستراتیژی ئیدارەی (جۆرج بۆشی کوڕ) لە شەڕی تیرۆردا و پرۆسەی هێرشکردن بۆ سەر عێراق باسکراوە. لە بەشی سێیەمی توێژینەوەکەشدا ستراتیژی (باراک ئۆباما) لە ماوەی (٢٠٠٩–٢٠١٢) بەرانبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمدا باسکراوە. لەم چوارچێوەیەدا تاکتیک و ئامرازی هێزی زیرەکی باراک ئۆباما لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم باسکراوە. ئەم توێژینەوەیە لە هیچ بەش و باسێکیدا باسی لە پراگماتیزم نەکردووە و لە بواری زەمەنیشدا تەنیا سیاسەتی باراک ئۆبامای لە خولی یەکەمی خۆیدا بەرانبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەند هەڵگرتووە.

–ستراتیژی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر (نموونەی عێراق)، ئاکۆ حەمەکەریم رەحیم، زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر.

لەم توێژینەوەیەدا کە وەکو نامەی ماستەر پێشکەشکراوە، توێژەر لە بە بەشی یەکەمیدا پەرەسەندنی ڕۆڵی ئەمریکای لە سیاسەتی نێودەودەوڵەتی و ئامانج و بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی شیکردووەتەوە. لە بەشی دووەمدا ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری باسکردووە و ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمی لەلایەن ئەمریکاوە خستووەتە بەرباس. لە بەشی سێیەمیشدا وەکو لایەنی جێبەجێکاری توێژینەوەکە جەنگی نێوان ئەمریکا–عێراقی شیکردووەتەوە و ئایندەی ستراتیژی ئەمریکای لە عێراقدا باسکردووە. ئەم توێژینەوەیەش بە گشتی سیاسەتی ئەمریکای لە ماوەی دوای ١١ی سێپتەمبەر بەرانبەر عێراق وەکو نموونەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باسکردووە.

جیاوازی و تازەیی ئەم توێژینەوەی ئێمە لە توێژینەوەکانی پێش خۆی کە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا نووسراون، لەوەدایە کە چەمکێکی هزری و فەلسەفی وەکو پراگماتیزم بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە دەبەستێتەوە و لەو ڕوانگە هزرییەوە شیکردنەوە بۆ ئاراستەی سیاسەتی دەرەوە دەکات. جیاوازییەکی دیکە ئەوەیە لە جێبەجێکردنی ئەو هەڵوێستە هزرییە لە سیاسەتی دەرەوەدا، بەراوردی دوو ئیدارەی جیاواز و سەربەخۆ لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا دەکات کە ئیدارەکانی (باراک ئۆباما) و (دۆناڵد ترەمپ)ە. بە تایبەتی کە هەڵسەنگاندن بۆ ئیدارەی ترەمپ، بابەتێکی نوێیە و بەشێوەیەکی بەربڵاو و ورد لێکۆڵینەوەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر پێشکەشنەکراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## پەیکەری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە پێشەکییەک و دوو باس و دەرئەنجامێکی گشتگیر لە کۆتاییدا:

باسی یەکەم: چییەتی و ڕەگوڕیشەی پراگماتیزم دەخاتە بەرباس، کە لە میانی چەند تەوەرە و لقێکدا چەمک و زاراوە و ڕەگوڕیشە و بنەماکانی پراگماتیزم و پەیوەندی بە هەندێک لە تیۆر و میتۆدە پەیوەندیدارەکان باس دەکات.

باسی دووەم: کاریگەریی پراگماتیزم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا شیدەکاتەوە، کە لە میانی چەند تەوەرە و لقێکدا بنەما و ئامانجەکانی پراگماتیزمی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و بەراوردی پراگماتیزم لە سەردەمی هەردوو ئیدارەی باراک ئۆباما و دۆناڵد ترەمپ وەکو لایەنی بەراوردکاری دەخاتە بەرباس.

## باسی یەکەم : چەمکی پراگماتیزم و مێژووی سەرهەڵدانی

لەم باسەدا لە چەند تەوەرەیەکی جیادا، بە گشتی زاراوە و چەمکی پراگماتیزم و بیریارانی سەرەکیی ئەو فەلسەفەیە لە ئەمریکا و بنەماکانی ئەو فەلسەفەیە و پەیوەندیی ئەو فەلسەفەیە بە چەند میتۆد و تیۆرێکی گرنگەوە باسکراوە. هەرچەندە مێژووی پراگماتیزم بۆ بەر لە گەشەکردنی کۆمەڵگەی ئەمریکی دەگەڕێتەوە، بەڵام لێرەدا پراگماتیزمی بیریارانی ئەمریکی بەهەند وەرگیراوە.

### تەوەرەی یەکەم: چەمک و زاراوەی پراگماتیزم

زاراوە و چەمکی پراگماتیزم ڕیشەیەکی دورودرێژی هەیە و بنەماکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گریکی کۆن. بە درێژایی گەشەکردنی ڕەوتی فەلسەفەش ئەو چەمکە لەلایەن بیریار و فەیلەسووفانەوە لە مانای لێک نزیکدا بەکارهاتوون. تاکو لەلایەن بیریارانی سەدەی نۆزدەیەمی ئەمریکاوە مانا و تایبەتمەندی و شێوەی نوێی پێدرا.

### لقی یەکەم: زاراوەی پراگماتیزم

زاراوەی (پراگماتیزم ـ Pragmatism) کە لە زمانی عەرەبیدا بە (براغماتیە ـ الذرائعیة) ناودەبرێت، لە وشەی دێرینی یۆنانیی (Pragma) هاتووە و دواتریش هەریەک لە وشەکانی ( Pragmata ،Pragmatos ،Pragmatiko) لە کاتی جیاوازدا بەکارهاتوون، کە مانا بنەڕەتییەکەیان (کار یان چالاکی) بووە (Anna Rylander, 2002 :3). وشەی (Pragma) لەگەڵ پاشگری (ism) ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە ڕێبازی فەلسەفی کە گرنگی بە (کار و چالاکی) دەدات. لە سەدەی پانزدەی زاییندا، هەمان وشە لە زمانی فەڕەنسیدا بە (Pragmatique) گۆکراوە. لە زمانی لاتینیدا (Pragmatism) وەکو مانای کار و دەرئەنجامی کارێک و جێبەجێکردنی شتێک بەکارهاتووە ( Susan hack, 2009 :10) .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

بنەڕەتی وشەی (Pragma) پەیوەندییەکی پتەوی بە وشەی (پراکتیس ـ Practice)ەوە هەیە کە بە واتای پیادەکردن و جێبەجێکردنی چالاکییەک دێت. لە فەرهەنگی (القاموس السياسي و المصطلحات الدولية) زاراوەی (Pragmatical) بە مانای (کردەنی و واقیعی و سوود) هاتووە. هەروەها زاراوەی (Pragmatist) بۆ کەسێک بەکارهاتووە کە لەسەر ڕێچکەی پراگماتیزم کردار و دەرئەنجامخوازی و چالاکی دەکات . (ئینسکلۆپیدیای عەرەبی بۆ زانستی سیاسەت)، ئاماژە بەوە دەدات وشەی (پراگماـPragma) بریتییە لە کردار یان چالاکییەک بۆ بەدیهێنانی سوودێکی دیاریکراو (س.م.لحم، ٢٠٠٤ : ٣٠٦).

کەوایە بە گشتی پراگماتیزم و ڕیشەکانی، بە مەبەست و واتای کردار و چالاکی و پیادەکردن بەکارهاتوون و هەر ئەو مانا لێک نزیکانەشن، وادەکات تایبەتمەندییەکی کردارەکی بدەنە واتا و گوزارشتی ئەو چەمکە.

## لقی دووەم: پێناسەی پراگماتیزم

هەرچەندە لێکنزیکییەک لە نێوان پێناسەکاندا بۆ چەمکی پراگماتیزم بوونی هەیە، بەڵام تا ڕاددەیەکیش سەرچاوەکان لە پێناسەکردن و گوزارشتکردن لەو چەمکە جیاوازن.

فەرهەنگی (کەیمبریج) پێناسەی پراگماتیزم دەکات، بەوەی بریتییە لە هەڵسوکەوتێک یان ڕەفتارێک یان کۆمەڵێک ڕێگا بۆ کردنی کۆمەڵێک شت.(Cambridge Dectionary Website) فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) پراگماتیزم بەوە پێناسە دەکات، بریتییە لە جۆرێک بیرکردنەوە لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەکان، بەشێوەی کردەیی و کردارییانە و واقیعی، لەبری ئەوەی پشت بە بوونی چارەسەری تیۆری و ئایدیایی ببەسترێت (Oxford Dectionary website) .

(ئینسکلۆپیدیای عەرەبی بۆ زانستی سیاسەت) هێما بۆ ئەوە دەکات پراگماتیزم بریتییە لە ڕێچکەیەکی فەلسەفی کە هەژموونی بەسەر فەلسەفەی ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکادا کردووە، پشت بە میتۆدی پیادەکاری و جێبەجێکردن دەبەستێت و لە پانتایی زانستی و تاقیکردنەوەدا بەدوای حەقیقەت و دەرەنجامی کار و چالاکییەکاندا دەگەڕێت (ناظم عبدالواحد الجاسور، ٢٠٠٤: ٩٨). پراگماتیزم بریتییە لە گەڕان بەدوای ڕێگە ئاوەزمەند و لۆژیکییەکان بۆ کردنی کارێک لە ڕێگەی زانستی و کردەنییەوە نەک لە ڕێگەی مەعریفەی ناکرداری و هەست و سۆزەکانەوە، هەروەها بریتییە لە تێپەڕبوون بە ئەزموون و تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن، یان بریتییە لە جۆرێک لە چالاکی پۆزەتیڤیزم و تێپەڕبوون بە بواری تاقیکردنەوە و ئەزموونکاری (A..R..LAcey, 2005:98) .

بە بۆچوونی بیریاری پراگماتیست (ویلیام جەیمس)، پراگماتیزم پرۆسەیەکی تاقیکردنەوەی ڕیشەدارە، کە بە گوڕ و تینی فەلسەفیی نوێوە، دوور لە نەریتە کۆن و ساغبووەکان، بۆچوونی خۆی لەسەر دیاردەکان دەخاتەڕوو. پراگماتیزم دژی ئەبستراکت و چارەسەرگۆیی (حلول الكلامية) و گریمانەی تاقینەکراوە و جێگیرە، بەڵکو دەرەنجام و سەرکەوتنی کار و چالاکی بەهەند وەردەگرێت کە لە شوێنکاتدا جێبەجێ بن (جیمس، ٢٠١٤: ٥٨).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

پراگماتیزم بریتییە لە ڕێچکەیەکی فەلسەفی و هزری، جەخت لەسەر سوودگەرایی وەکو ئەرزشی باڵا دەکاتەوە، وایدەبینێت سوودوەرگرتن و ئەزموونکاری بەهایەکی پێوەرئامێزی هەیە بۆ گەیشتن بە ڕاستی و چاکە و دادپەروەری، ئەوەش بەرهەمی گواستنەوەی کۆمەڵی ئەمریکی بووە لە کۆمەڵێکی کشتوکاڵی سوننەتی بۆ کۆمەڵێکی پیشەسازیی پێشکەوتوو (دشر، ٢٠١٦: ٣٩٨).

پێناسەیەکی دیکە پێیوایە پراگماتیزم بریتییە لە "فەلسەفەی سەرکەوتن"، کە لە ڕێگەی کار و هەوڵێکی زانستییەوە بۆ دروستکردنی کاریگەری بەدیدێت، بۆیە ئامانجی سەرەتا و کۆتایی لەو فەلسەفەیەدا بریتییە لە بەدیهێنانی سەرکەوتن لە بەجێگەیاندنی پڕۆسەیەکدا (سمية، ٢٠١١-٢٠١٢ :٦ )

پێناسەیەکی دیکەی پراگماتیزم، کە زۆر جار تێگەیشتنێکی بڵاوە، دەیبەستێتەوە بە پاراستن و گەشەپێدانی بەرژەوەندیخوازییەوە، وای بۆ دەچێت کە پراگماتیزم پشتکردنە لە بەها و نۆرم و بنەما ڕەوشتییەکانە و تەنیا گرنگی بە قازانج و بەرژەوەندی دەدات، نەک ڕێگە ڕەوشتگەرا و بەها کلاسیکەکان (کاظم، ٢٠٢٠: ١).

دەشێت بڵێین پراگماتیزم بریتییە لە ڕێچکە و هەڵوێستێکی فەلسەفی، کە گرنگییەکی گەوهەری بە کار و پیادەکردنی چالاکی دەدات، زیاتر لەوەی خۆبەستنەوە بێت بە هەڵوێستە فکری و ئایدیاییەکانەوە کە زۆربەی جار بەکردارکرنیان لە زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا قورسە، بەو ئامانجەی لەگەڵ زەمینەی پێویستدا، دەرئەنجامێکی سەرکەوتوو و واقیعییانە لە کردار و چالاکییەکە بکەوێتەوە و بە سوود و قازانج بشکێتەوە، هەر ئەوەش بە بنەمای حەقیقەتبوون و ڕاستی دادەنێت کە دەتوانرێت بە ڕوونی دەرئەنجامی چالاکییەکە ببینرێت و سوودی لێ بکەوێتەوە.

## تەوەرەی دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی پراگماتیزمی ئەمریکی

سەرهەڵدان و گەشەکردنی هزری پراگماتیزم لە ئەمریکادا پەیوەندیدارە بە تایبەتمەندی و گەشەکردنی کۆمەڵگەی ئەمریکاوە کە بە تێهزرین و بۆچوونەکانی چەند فەیلەسووفێک ئەو ڕێبازە فەلسەفییە دامەزرا و گەشەی پێ درا. لەم تەوەرەیەدا سێ گرنگترین بیریاری دروستکردن و گەشەپێدانی پراگماتیزم لە ئەمریکا خراوەتە بەرباس.

### لقی یەکەم: فەلسەفەی پراگماتیزم لای چارلس ساندرس پێرس

سەرەداوی ئەو فەلسەفەیە و ناوهێنانی پراگماتیزم لەلای (چارلس ساندر پێرس) لە ساڵی (١٨٧٨ز) دەرکەوت، کە خەریکی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای پراگماتیکیی (کانت) بوو. ئەوەش سەرەتای دەرکەوتنی ئەنتی تێزێک بوو بەرانبەر تیۆری ڕەوشتیی (کانت)، کە گرنگییەکی لە ڕاددەبەری بەوە دابوو سەرەتا و کۆتایی هەموو کارێک بێ لەبەرچاوگرتنی ئەنجامەکەی، ڕەوشتییانە بەڕێوەبچێت. (پێرس) بۆچوونێکی جیاوازتری خستەڕوو، کە فەلسەفەی ئەمریکی زیاتر شێوەی بەو ڕێچکەیەوە گرت، ئەویش بریتی بوو لەوەی گرنگی بە لایەنی ئەزموونکردنی هاوکێشە عەقڵییەکان و بەکردەنیکردن بدرێت (Jaime Nubiola,1996:10).

(پێرس) دووپاتی دەکردەوە، بۆ ئەوەی ڕاستی و ناڕاستیی بیرۆکە و دەرهاویشتەیەکی عەقڵیمان دەستکەوێت، دەبێت تەنیا لایەنی کردەیی و ئەزموونکردن وەربگیرێت، تاکو بگەینە ئەوەی ئەم بیرۆکەیە چ ئەنجام و بەرهەمێکی لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

واقیعدا هەیە، وە پێویستە بیرۆکەکان هەر تەنیا لە فۆڕمی گوزارشتکردندا نەبن، بەڵکو ڕوون و کردەنی بن. سەرچاوەی ئەو بنەما هزرییەش لە زەمینەی کۆمەڵگەی ئەمریکی سەریهەڵدا، چونکە خەڵکی ئەمریکا وەکو خاوەن وڵاتێکی نوێ و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی نوێ، هەستی مێژوویی لە کۆنەستیاندا بە جیاوازی لەگەڵ کۆمەڵگە کۆن و دێرینەکان، کەمتر بوو. سەرەتایەک بوو بۆ گوێنەدان بە دڵبەستی و خۆبەستەوە بە مێژووەوە، ئەوەش فەلسەفەی ئایندەسازی و فەلسەفەی چالاکی (Philosophy of Action)ی لێکەوتەوە، کە ئایندە بە ئامانج دەگرێت وەک لەوەی خۆی وابەستەی ڕابردوو بکات (محەمەد، ٢٠١٢: ٥٨). پێرس لەسەر ئەوە سووربوو کە دەرەنجامی هەر کارێک بە سوود و کەڵکەکەی پێوانە دەکرێت، بۆیە ڕوانگەی ئەو فەلسەفەیە لای پێرس بریتییە لە بیرۆکەی جێبەجێکردن و فەلسەفەی چالاکی، کە پشت بە کەڵکەبوونی ئەزموون و شارەزایی دەبەستێت، لە پێناو کردار و ئەنجامی کرداردا کە پشتگیری لە سیستەمێکی بەرهەمهێنەر بکات و بە سوودی تاکەکەس و کۆمەڵ بکەوێتەوە (الصفار، ٢٠١٤ :١٠١٣).

پێرس لایەنگریی مەعریفەیەکی هەستپێکراو و بینراو بوو، ئەو پێیوابوو هەر جۆرە بیرکردنەوەیەک دەبێت کار بۆ بەرکەوتنی هەستەکانمان بکات، مرۆڤ خۆی دەخەڵەتێنێت کاتێک بیەوێت لەوە زیاتر بە تایبەتمەندییەکی دیکە بگات، چونکە فەرمانی هزری مرۆیی بریتییە لە گرنگیدان بە بیرۆکەکان کە شیکردنەوە و وردکردنەوەی بەرچاو و بەرجەستەی لێ بکەوێتەوە (حمید، ٢٠١٣: ٩).

پێرس پێی وابوو "مانا و گرنگیی هەر بیرۆکەیەک چییە؟ ئەگەر بێت و هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو و بەرچاوی لێنەکەوێتەوە؟" لەبەر ئەوەیە هەر بیرۆکەیەک لە ئاکامدا هەستی پێنەکرێت، ڕەتکردنەوەی کارێکی گرنگە (جلال، ٢٠١٠: ١٢٠). لای پێرس عەقڵ و ماددە پەیوەندییەکی بەهێزیان پێکەوە هەیە، هەریەکێکیان دەبێت ئەوەی دیکەیان بەرهەم بهێنێتەوە، هەروەها لە دیدی ئەودا (باوەڕمەندی-الاعتقاد) تەنیا ئەوکاتە درووست دەردەچێت کە لە واقیعدا بسەلمێندرێت و ببینرێت، ئەو باوەڕمەندییەش ئەگەر نەسەلمێنرێت، کەواتە ڕاست نیە و شیاوی فەرامۆشکردنە (حمادی، ٢٠١٠-٢٠١١: ٢٣). بە گشتی باوەڕەکانی پێرس گۆڕینی ئاراستەی فەلسەفەیە بەرەو بە کردەنیکردن و بە واقیعیکردن نەک خۆبەستنەوە بە بنەما ئەبستراکت و تاقینەکراوەکان کە بەرهەمی کردەنییان لێ ناکەوێتەوە. ئەم بۆچوونانەی پێرس ڕاچڵەکاندنێکی فەلسەفە بوو بەرەو بە کردنیکردن و ڕێگەی واقیعی لە ژیانی مرۆڤدا، ئەوەش وەکو کاردانەوەیەک بەرانبەر فەلسەفەی کلاسیک دەبیندرا کە بە گشتی فەلسەفەیەکی کەمتر کرداری بوو.

## لقی دووەم: فەلسەفەی پراگماتیزم لای ویلیام جەیمس

(ویلیام جەیمس ١٨٤٢-١٩١٠) یەکێکی دیکە بوو لەو فەیلەسوفە ئەمریکییانەی گەشەپێدەری بیری پراگماتیزم بوو. جەیمس تیشکێکی زۆرتری خستە سەر پەیوەندیی نێوان مەعریفە و پراگماتیزم، ئەو پێیوابوو هەموو مەعریفەیەک پێش ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ شت و مەعریفەکانی دیکەدا ڕووبنبکرێتەوە، دەبێت خۆی بناسرێت، هەموو


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

مەعریفەیەکیش قوڵترە لەوەی بە ڕووکەش دەردەکەوێت، لەو زەمینەیەشدا هەموو ڕاستییەک هەلومەرجی خۆی هەیە وەکو ئامرازێک بۆ مانەوەی ئەو مەعریفە و وێناکردنانەی وەک ژێرخانی هەستەکی و هزریی ئێمە هەن. هەروەها (جەیمس) پێیوابوو پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەزموون و شارەزایی و هزرەکان هەیە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی واقیعەوە دووبارە مەعریفە دابڕێژرێتەوە، چونکە واقیعیش تیۆر و تێگەیشتن بەهەمدێنێت (راسل، ١٩٥٥: ٣٥٧).

پراگماتیزم لای (جەیمس) بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشە مێژووییەکانی فەلسەفە، بۆ یەکخستنی فەلسەفەکان لە دیدێکی هاوبەشدا، ئەوەش لەپێناو ئەوەی جۆرە میتۆدێکی بیرکردنەوەی تایبەت بە کۆمەڵگەی ئەمریکی درووستبکرێت. هەروەک پراگماتیزمی پێرسی ئاوڕ بۆ دواوە ناداتەوە و کێشە میتافیزیکی و ئاینییە بێهودەکان جێدەهێڵێت، بەو نیازەی حەقیقەت لە ئایندەدا بدۆزێتەوە (المرهج، ٢٠١٨: ١٧).

ئەزموون لای ئەو دیسانەوە گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە، بەو مانایەی ئەزموون مەعریفەیەکی ڕێکخراو و بەسوودە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک تێگەیشتنی پێشتر، ئەوەش بەلای (ویلیام جەیمس)ەوە دەرککردن و تێگەیشتنە لە یەکێتیی "بوون". تێگەیشتنیش لە بوون و جیهان پەیوەندیی بەهێزی بە گریمانە پراگماتیکییەکانەوە هەیە، کە تێیدا مەعریفە لە خۆوە سەر دەرناکات، بە پێچەوانەوە، هەر بەشێک لەو بوونانەی هەن، وێناکردنێکی گشتی و ڕاستییەکی پەیوەندیداری عەقڵانیمان بۆ بەرهەمدێنن، بۆیە ئەرکی فەلسەفەیە لە بوونە جیاوازەکانەوە شتی واقیعی و بونیادی و شیکاریمان بۆ وەچنگبخات (james, 2008: p2) .

مەرجی پراگماتیزم لەلای (جەیمس) ئەوەیە کردەیەکی تەواو ئەزموونکراو و تێبینیکراو بێت، بە واتایەک کە هەر بیرۆکەیەک دەبێت بە تەواوی بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەزموونکردن و تاقیکردنەوە، ئەو تاقیکردنەوەیەش هەر تەنیا پیادەکردنێکی سەرپێیی نەبێت، بەڵکو ئەنجامی لێبکەوێتەوە (James,1907: 14 ).

یەکێک لەو گرفتانەی (جەیمس) تیشکی خستەسەر، پەیوەندیی کۆنی عەقڵ و پەیوەندیی تازەی ئەزموون بوو، ئەو پێیوابوو ململانێی نێوان عەقڵ و ئەزموون فینۆمینۆ و دیاردەیەکی ئاینییە، چونکە عەقڵی ئاینی پشتی بە کۆمەڵێک بنەمای گشتی و وێنەی زیهنی پەتی (ئەبستراکت) بەستووە، بەڵام ئەزموون، کاردەکات بۆ بینینەوەی کۆمەڵێک دەرەنجام و ڕاستیی نوێ (جیمس، ٢٠٠٨: ٣٢).

پراگماتیزمی ئەو بیریارە دابڕانێک بوو لە نێوان بیری فەلسەفەی سیاسیی ئەوروپی و ئەمریکی، هاوکات دابڕانێکیش بوو بۆ لێکۆڵینەوەی بێ دەرەنجامی میتافیزیک، وەکو فەلسەفەیەکی ناکردەنی کە دەرەنجامێکی ئەوتۆی لێناکەوێتەوە. لەبەر ئەوەشە (جەیمس) پێیوایە پراگماتیزم جۆرێکی دیکەی بیرکردنەوەیە کە لەو پانتاییە فەلسەفییەی پێشووتر باو بووە، ناو لەوەیش دەنێت (ناوێکی نوێ بۆ هەندێک ڕێگەی کۆنی بیرکردنەوە A New Name for Some Old Ways of Thinking)، لەم ڕووەوە (جەیمس) کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر نەک هەر فەلسەفەی ئەمریکی و ئەوروپی جێهێشت، بەڵکو کاریگەری خستە سەر زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و گفتوگۆیەکی فراوانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

درووستکرد (Jack Barbalet, 2004: 337). گەر پێرس پێشنیازکاری پراگماتیزم بووبێت، ویلیام جەیمس زیاتر تیۆریزەی کرد و ڕێگەی خۆشکرد ببێتە بابەتێکی جێی گرنگیی بوارەکانی دیکە، ئەوەش کاریگەری هەبوو بەسەر گۆڕینی فەلسەفەی سیاسیی ئەمریکی بەرەو کردەنیکردن و واقیعگەرایی. لەم ڕووەوە جەیمس بۆچوونی ڕەها و ئایدیالی ڕەتکردەوە و ڕێگەی خۆشکرد تاکە پێوەری سەرکەوتنی هەر کارێک بۆ ئەنجامەکەی بگەڕێتەوە.

## لقی سێیەم: فەلسەفەی پراگماتیزم لای جۆن دیوی

(جۆن دیوی ١٨٥٩-١٩٥٢) لەدوای (جەیمس)، درێژە بە فەلسەفەی پراگماتیزم دەدات. لەسەر دەستی ئەو پراگماتیزم ڕێچکەیەکی نوێتر و جیاواز وەردەگرێت، کە تێیدا لایەنی ماددی و زانستییەکانی پێشووتری کۆکردەوە.

جیاوازییەکی سەرەکی (دیوی) ئەوە بوو، بەتەواوی سەرنجی لەسەر بە زانستیکردن و ئەزموونکردن بوو، لە کاتێکدا (پێرس و جەیمس) پێشتر ڕووبەڕووی عەقڵی ئاینی و میتافیزیکی بووبوونەوە. (دیوی) پێیوابوو هەموو شتێک لە دەرەوەی مەعریفەیە، ئەگەر مەعریفە نەکرێتە بابەتێکی بینراو و بەرجەستە (بەرهەست). بۆیە پشتیوانی سەرەکیی زانستییە پەتییەکان (سرووشتییەکان) بوو(بوشنکسی، ١٩٩٢: ١٦٢). ئەو بیریارە لە سەردەمێکی گرنگی فەلسەفەی ئەمریکادا درێژەی بە بیری پراگماتیزم دا، کە بریتی بوو لە ماوەی هەردوو جەنگە جیهانییەکە و لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییش کە فەلسەفەی ئەمریکی زیاتر بەرەو باری کردەنی و پراکتیکی ڕۆیشت (جدیدی، ٢٠٠٦: ٣٢).

دیوی وای بۆ دەچوو بیروڕا و فەلسەفە و ئایدیاکان نرخێکی ئەوتۆیان نیە، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە ڕۆڵێکی ئامرازی دەبینن (أداتية أو وسائلية Instrumentalism)، ئەو باوەڕانە دەبێت ڕۆڵی ئامرازگەلێک ببینن بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک دەرەنجامی زانستی و کردەنی کە تێگەیشتن و شارەزایی و توانا کەڵەکە بکەن، نەک خۆیان ببنە باوەڕی سەنتەر و تەنیا مەعریفەیەکی ناسەرکەوتوو و ناکرداری، بۆیە بەهای هەموو بیرێک لە سەرکەوتنەکەیدا دەپێورێت (المصدر نفسه، ص١٦٢-١٦٣).

پراگماتیکی دیوی بە پراگماتیکی "داینامیکی"ش یان "ئامێری" دەناسرێت، بەو مانایەی هەر تیۆرێک پێویستە کاریگەریی خۆی لە بووندا هەبێت، واتا ئەرکی فەلسەفە تەنیا ئەرکێکی ئەنتۆلۆگی و ئەپستمۆلۆگی نیە، بەڵکو ئەرکێکی کردەیی هەیە، ئەو ئەرکەش گۆڕاو و داینامیکییە و پەیوەستە بە مانای حەقیقەتەوە، حەقیقەتیش چەمکێکی دۆگم و بەستراو نیە، بەڵکو دەشێت بگۆڕێت. کاتێکیش ئەو تیۆر یان بیرۆکەیە دەچێتە نێو ئەزموونکردنەوە، دەبێت زیادەیەک و کەڵەکەبوونێک بخاتە سەر مەعریفەیەک کە پێشتر بوونی هەبووە یان نەبووە (محەمەد، ٢٠١٢: ٢).

لەلایەکی دیکەوە (دیوی) بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە فەلسەفە دیاردەیەکی پەراوێز و لاچەپ نیە، بەڵکو مەعریفە ئەو شتەیە دەبێت بە کۆمەڵگەوە ببەسترێتەوە (هەروەک چۆن پێی وابوو خوێندن وەکو کردەیەکی ئەزموونی، دەبێت ڕەنگدەرەوەی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان بێت)، ئەو پێیوابوو مەعریفە ئەگەر سەرکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی لێ نەکەوێتەوە، مەعریفەیەکی کرچوکاڵ و بێکەڵکە (وین، ١٩٦٤: ٢٠٦)، چونکە پراگماتیزم پێچەوانەی فەلسەفەی کۆنە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

كە لەسەر بۆچوون و ویناكردن بەرێگەدا دەڕۆیشت و زۆرجاریش ڕاست دەرنەدەچوو. پراگماتیزم داوا دەكات واقیع مەعریفە بەرهەمبهێنێت و ئەو مەعریفەیەش دووبارە بخرێتەوە خزمەتی واقیع، بۆیە ئەوە واقیعە مانای حەقیقەت دەدۆزێتەوە، نەک حەقیقەتێکی سەرەتاییمان هەبێت و بیهێنین بەسەر واقیعدا بەزۆر بیسەپێنین (محمود، ۱۹۹۳: ۲۲۲).

فەلسفەكەی (دیوی) لە گۆڕەپانی تاقیكردنەوە و ئەزموونەندا كاریگەرییەكی گەورەی خستە سەر فەلسەفەی سیاسی و لایەنی پەروەردەیی، چونكە بۆچوونەكانی بووە هۆی گۆڕانكارییەكی بەرچاو لە سیستەمی فەلسەفی و پەروەردەییدا، كە زیاتر بە فەلسەفەیەكی واقیعی و سوودبەخش ناسرا(احلام، ۲۰۱٦: ۹-۱۰).

دیوی كاریگەری لەسەر ئەوە هەبوو فەلسەفە چارەسەری كێشەكان بدۆزێتەوە، هەروەها ڕایەڵە لە نێوان ئەنجام و ئەزموون درووستبكات و لە قۆناغی دواتریشدا چارەسەری نێوان ڕەگەز و ڕەهەندە جیاوەزەكانی دیاردەكان دەستنیشانبكات. نابێت ئەوەش لەبیر بكەین كە فەلسەفە ئەزموونكردنەكەی (دیوی) فەلسەفەیەكی تاكگەراییانە و دیموكراسییانە بووە، پێیوابووە هەموو هەوڵێكی مەعریفی لە تاكەوە سەرچاوە دەگرێت و دەچێتەوە خزمەتی تاكەكەسیش.

## تەوەرەی سێیەم: بنەماكانی پراگماتیزم

فەلسەفەی پراگماتیزم بەگشتی چەندین بنەما و پایەیەک لەخۆ دەگرێت، ئەو بنەمایانە پێكهێنەری سەرەكیی هزری پراگماتیزمن، تایبەتمەندیی جیاواز دەدەن بەو چەمكە. لەم تەوەرەیەدا بنەما هەرە سەرەكییەكانی ئەو فەلسەفەیە بە گشتی ژمێردراون:

### لقی یەكەم: بنەمای ئازادی

فەلسەفەی پراگماتیزم فەلسەفەیەكە زیاتر بەلای ئازادبوونی تاک و لیبرالیزمی كۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەچێت. پێیوایە هەموو ئەو سوود و قازانجانەی دەشێت مرۆڤ بیانبینێتەوە، لە ئازادی كاركردن و هەوڵداندا بەرجەستە دەبێت. سەرنجی سەرەكی پراگماتیزم لەسەر ئازادییەكانی تاكەكەسە لە ژینگەیەكی سەربەست و بێ كۆت و بەندا، پێیوایە مرۆڤ دەتوانێت بە ئازادیی خۆی كار و ئابووری و تواناكانی خۆی بونیادبنێت و دەرەنجامی كاریش لە ئازادبوونی تەواوەتی سەرچاوە دەگرێت. یەكەمین هەنگاوی ئازادبوونی مرۆڤیش لە ئازادبوونێكی مەعریفییەوە سەرچاوە دەگرێت كە بە دیوێكی دیكەیدا خۆڕزگاركردنە لە باوەڕە باوەكانی ئاین و میتافیزیک و بۆچوونە نادوونیاییەكان (سمیە، ۲۰۱۱-۲۰۱۲: ۱۲۸). لەم ڕووەوە هزری پراگماتیزم وەكو ماكی فەلسەفەیەكی ئازادیخواز، بە خوێندنەوەی خواستە دەروونییەكانی مرۆڤ و جۆری ژینگەی سرووشتی، پێیوایە كێبەركێ و ئازادبوون پێشمەرجی گەشەكردنی مرۆڤن، نەک كۆت وبەندكردن و چەقبەستنی مرۆڤ لە چوارچێوەیەكدا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## لقی دووەم: تاقیكردنەوەی زانستی Scientific experimental

پراگماتیزم بە فەلسەفەی زانستی هەژمار دەكرێت، چونكە ئاراستەیەكە لەسەر بنەمای تاقیكردنەوەی زانستی (ولیم جیمس، ٢٠٠٨: ٧١). لەسەر ئەو بنەمایە سنووری میتۆدەكانی پێشوو دەبەزێنێت و بە شێوەیەكی پتەو داوای تاقیكردنەوەی هەر بیرۆكەیەک دەكات، لەسەر بنەمای ڕێچكەیەكی وردەكار (انتقائي) (الحجيلي، ٢٠١٧: ٢٩٩). ئەم میتۆدە تاقیكارییە زۆر لە میتۆدی نۆمالیستیكییەوە نزیكە كە هەمیشە پەنا بۆ میكانیزمی (انتقائي– Electicism ) دەبات، كە بریتییە لە پشتنەبەستن بە یەک یان گروپێک لە هزری دیاریكراو، بەڵكو پشت بە ڕێچكە و بیرۆكە و باوەڕی جیاجیا دەبەستێت كە خزمەتی ئامانج بكات، هاوكات بەدوای وردەكارییەوەیە نەک باوەڕی هەمەكی و گشتگیر. هەربۆیە پراگماتیزم جۆرێكە لە میتۆدی (پۆزەتیڤیزم)، كە چارەسەری كێشەكان بە ڕێچكەی كەلامی و میتافیزیكی ڕەتدەكاتەوە و ڕۆدەچێتە نێو وردەكارییە تاقیكراوەكان (جیمس، ٢٠٠٨: ٧٤). لێرەدا هزری پراگماتیزم هزرێكی فرەییە و لەسەر فرەچەشنەكردنی گریمانەكان و ڕێساكان دەڕوات، نەک لەسەر حوكمدانی گشتی و سەرپێی كە تەنیا لە ڕێی بیركردنەوەوە بەدیدێن. تاقیكردنەوە كە پرۆسەی هاوبەشە لە نێوان زانست و پراگماتیزمدا، ئەم فەلسەفەیە دەكاتە میتۆدێكی زانستی. لەم ڕووەوە ئەوەندەی چارەسەر و ئەنجام ڕۆڵ دەگێڕن، هێندە بەهاكان و بنەماكانی دیكە بەهەند وەرناگیرێن.

## لقی سێیەم: دابڕان لە ڕابردوو A break from the past

فەلسەفەی پراگماتیزم داوای دابڕانی بەردەوام لە ڕابردوو دەكات. پێیوایە ئەوەی دەبێت كاری لەسەر بكرێت داهاتووە. ئەم ڕێچكەیە داوای ئەوە دەكات ئێستا بۆ داهاتوویەكی باشتر بقۆزرێتەوە. هیچ دڵبەستی و سۆزێكی بۆ ڕابردوو نیە. بە واتایەكی دیكە پراگماتیزم نوێكەرەوەیە، نوێكەرەوەی فەلسەفە و بابەتەكانی، نوێكەرەوەی ئەپستمۆلۆژیا و ئەزموون. پێیوایە ئەوەی چارەسەری كێشەكانی مرۆڤ دەكات، گفتوگۆی درێژخایەن و بێئەنجام نیە لەسەر ڕابردوو، بەڵكو هەوڵدانە بۆ نوێكردنەوە و ئایندەسازی (بوترو، ١٩٧٣: ٣١).

لەم ڕووەوە كە فەلسەفەی پراگماتیزم بیرۆكەیەكی ئایندەسازە، جیاوازییەكی زۆری لەگەڵ ئەو فەلسەفانەی پێشووتر هەیە كە تەنیا لە شیكردنەوە و وەسفكردنی جیهان و بووندا قەتیس مابوون، پراگماتیزم بۆچوونگەلێک نیە بیەوێت تەنیا ئەوەی هەیە گوزارشتی لێ بكات و دەستی بۆ نەبات، بەڵكو كاردەكات بۆ ئەوەی ئەم زەمینە و دۆخەی هەیە بیگۆڕێت و لە چەقبەستن ڕزگاری بكات. بۆیە دەیەوێت داهاتوو ڕۆبنێت و بەردەوام كار بۆ دابڕانی ئەمڕۆ لە ڕابردوو دەكات، بۆ هێنانەكایەی دۆخێكی نوێ لە داهاتوودا و سەربەخۆبوونی ئەمڕۆ لە دوێنێ.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

### لقی چوارەم: هۆشیاریی واقیعبینانە

یەکێکی دیکەیە لە پایەکانی پراگماتیزم. پراگماتیزم داواکاری ئەوەیە لە مشتومڕ و گوتاری فەلسەفی و بیرپاریدا، هۆشیارییەکی ورد بوونی هەبێت. پێویستیشە ڕاستی و درووستی بیرۆکەکان یەکلابووبنەوە. ئەو هۆشیارییە بەندە بەوەی بیرۆکە و تیۆرەکان تاچەند توانایان هەیە شێوەی ژیانی مرۆڤ بگۆڕن و چارەسەریان بۆ کێشە و دیاردە سەردەمییەکان پێیە (المصدر نفسە: ٢٢).

لە دیدی (جۆن دیوی)ەوە مادام بیر میکانیزمی دۆزینەوەی چارەسەر و سوودە، پێویستە هۆشیارییەک هەبێت تاکو ئەو ئامانجە بێتەدی. ئەمە مەرجێکی دیکە لەگەڵ خۆیدا دێنێتەکایەوە، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ، قورسی و کێشەکانی وەکو هەلێک بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و داهێنانی تازە بقۆزێتەوە (المصدر نفسە: ٢٢). لەم بنەمایەدا عەقڵ ئامرازی تێگەیشتنە لە جیهان، کاریش بۆ گۆڕینی تیۆر و فەلسەفەکانی دەکات، بۆ بەدیهێنانی هۆشمەندییەکی باشتر لەبارەی ژیانەوە. ئەو هۆشمەندییەش تەنیا تیۆریزەکردن نیە، زیاتر لەوە هۆشمەندییەکی واقیعییە و واقیع دەخاتە ژێر دەستی خۆیەوە (عبدالعزیز، ٢٠١٦: ٣١٠). لەم ڕووەوە پەیوەندی نێوان پراگماتیزم و واقیعی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، چونکە بوونی خۆی لە پیادەکردن و هێنانەکایەوە دەبینێتەوە کە لەگەڵ ژینگە و گۆڕانکاریدا بگونجێت، ئەوەش بە مەرج دەگرێت کە هۆشیاری زانستی بەدیهێنەری ئەو ئامانجەیە، نەک هۆشیارییەک کە خۆی بەندی بنەما نەگۆڕەکان بکات.

## تەوەرەی چوارەم: پەیوەندیی پراگماتیزم بە میتۆد و تیۆری زانستییەوە

پراگماتیزم پەیوەندی جۆراوجۆری بە میتۆد و تیۆری زانستی و فەلسەفییەوە هەیە. لەم تەوەرەیەدا گرنگترین پەیوەندیی پراگماتیزم بە (میتۆدی زانستی و تیۆری پەرەسەندن و ڕەوشت )ەوە شیدەکرێتەوە.

### لقی یەکەم: پراگماتیزم لە میتۆدی زانستیدا

ڕوونە کە نزیکترین فەلسەفە لە میتۆدی زانستیی ئەزموونگەرییەوە پراگماتیزمە. (ویلیام جەیمس) هێمای بۆ ئەوە کردووە" بە هۆی پراگماتیزمەوە، هەریەک لە لۆک و هیوم و بارکلی، بەشدارییەکی کارایان لە تێگەیشتن لە ڕاستی کردووە، وە پراگماتیزمیش نمایندەی ئاراستەیەکی تەواو ئەزموونکاری دەکات". بەڵام جیاوازییەکی دیار لە نێوان فەلسەفەی پراگماتیزم و میتۆدی ئەزموونکاری ئەوەیە، پراگماتیزم ڕۆڵی عەقڵانییەت ڕەتناکاتەوە، ڕۆڵەکەشی لە مەعریفەدا ڕەتناکاتەوە، بەڵکو درووستییەکەی بە مەرجی ئاکام و ئەنجامەوە دەبەستێتەوە کە بە ئەزموون دەردەکەوێت. (جەیمس) دەڵێت:" مرۆڤ خودان مەیل و پێویستی و خواستە، عەقڵ نێوەندکار و ئامرازی بەدیهێنانەکانە لە جیهانی تاقیکردنەوەدا". لەبەر ئەم هۆیە (جەیمس) عەقڵگەرایی و عەقڵ وەکو میکانیزمێکی بەهێز دەبینێت لەوەی لە دەرئەنجامدا چی بەدیدێت (حمادي، ٢٠١٠-٢٠١١: ٢٧).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

بەمشێوەیە میتۆدی ئەزموونکاری کە لە بەشەکانی دیاردەکان ورد دەبێتەوە و ڕێسایەکی گشتی لێیەوە بەرهەم دێنێت، نەک لەسەر بنەمای ڕێسایەکی گشتی لە بەشەکان وردبێتەوە، پراگماتیزمیش تا ڕاددەیەکی زۆر فەلسەفەیەکی زانستی و ئەزموونییە و لەسەر بنەمای هەماهەنگیی عەقڵ و دەرەنجام، پەسندی ئەزموون و تاقیکردنەوە دەدات. دیارە فەلسەفەی پراگماتیزم بە هۆی کاریگەرییە پێشکەوتووەکانی زانست لە سەدەی نۆزدەیەم بەرەو سەر، ویستوویەتی بەشێوەیەکی پتەو فەلسەفەش ملکەچی بنەما و بیرکردنەوە زانستییەکان بکات و لە چوارچێوەی کۆن ڕزگاریبکات.

## لقی دووەم: پەیوەندیی تیۆری داروینیزم بە فەلسەفەی پراگماتیزمەوە

هەرچەندە ڕێچکەی تیۆری زانستیی داروینیزم لە پانتایی زانستی و هزریدا گفتوگۆی زۆری هەڵگرتووە و تاوەکو ئێستاش لە گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی هەمەجۆردایە، بەڵام لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، دەرکەوتنی بیردۆزەکە بە ناوی تیۆری پەرەسەندن (نظرية تطور-Evolution Theory ) لەمیانی نووسینی کتێبی (ڕەچەڵەکی جۆرەکان ١٨٥٩ز)ی زانای بایۆلۆژی (چارلس داروین ١٨٠٩-١٨٨٢ز) گۆڕانێکی ڕیشەیی لە هزر و ئایدیا و تێگەیشتە زانستییەکان بۆ "بوون" درووستکرد. لەبەر ئەوەی هەژاندنێکی زانستی بوو لەمەڕ تێگەیشتنە باوەکانی پێشوو کە لە دیدگای ئاین و فەلسەفەوە دەیانڕوانییە بوونی زیندەوەران و مرۆڤ.

کرۆکی بیردۆز و گریمانەی (داروین) بۆ لایەن و پێکهاتەی بایۆلۆژی و فیزیکیی مرۆڤ و بوونەوەران لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە جێگیر نین و بەردەوام و لە ماوەیەکی درێژخایەندا لە گۆڕانی بەردەوامدان. ئەم گۆڕانە لەلایەن مرۆڤ و بوونەوەران خۆیانەوە هەستی پێناکرێت، چونکە زەمەنێکی درێژ دەخایەنێت، بەڵام بەڵگە زانستییەکان لەسەر ئەو لایەنە بە خوێندنەوەی مێژووی کۆن ئەوە دەردەخەن کە هیچ بوونەوەرێکی زیندوو بەهۆی کاریگەرییەکانی سرووشت، لە شێوە و پێکهاتەی خۆیدا چەقنابەستێت (فرج، ٢٠١٧: ص١٤-١٥). ئەو گۆڕانەی کە ملیۆنان ساڵ لە بوونەوەراندا دەخایەنێت، دەرەنجامی سرووشتی زیندووانەی زیندەوەرانە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە بایۆلۆژی و پێویستانەی لەگەڵ سرووشتدا دەگونجێن. ئەو بوونەوەرانەی دەتوانن خۆیان لەگەڵ بارودۆخی نوێی سرووشتدا بگونجێنن و خۆیان لە هێزی بوونەوەرانی دیکە بپارێزن دەمێننەوە و ئەوانی دیکەش کە ناتوانن خۆیان لەگەڵ سرووشتدا بگونجێنن لە درێژماوەدا کەمدەبنەوە و قڕ دەبن، ئەمەیە کە داروین ناوی لێدەنێت (بژارکردنی سرووشتی- Natural-Selection)، بەو واتایەی کام جۆری زیندەوەر خۆگونجێنەرترین زیندەوەرە لەگەڵ سرووشت، سرووشت ئەویان بۆ مانەوە هەڵدەبژێرێت، ئەم هەڵبژاردنەش لەڕێگەی (ژمارەی بوونەوەرەکان و بازدان و شوێنگۆڕین و زاووزێ) ڕوودەدەن، کە تایبەتمەندییەکانی بۆ نەوەکان دەگوازرێنەوە (المصدر نفسه: ١٥).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

(سپنسەر) چەمکی (داروینیزمی کۆمەڵایەتی) لە تێگەیشتنە بایۆلۆژییەکە وەردەگرێت و بۆ لێکدانەوەی دۆخی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بەکاریدەهێنێت. لەو ڕوانگەیەوە پێیوایە کۆمەڵگەیش وەکو بوونەوەرێکی ئۆرگانی کۆمەڵێک ئەندامی هەن و سووڕی خوێنی هەیە و هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان ئەندامەکانیدا هەیە، جگە لەوە "ململانێ" لەنێو پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا نەبڕاوەیە و هەموو مرۆڤێک لە نێو جۆرێک لە کێبەرکێ و ململانێدایە بۆ مانەوە و بەهێزبوون (ممدوح، ٢٠١٠: ٧٢). (سپنسەر) پێیوابوو داروینیزمی کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەکی زۆر ئەو گفتوگۆیەی نێوان (هیوم) و (کانت)ی کۆتایی پێ هێناوە، کاتێک ئەوەی یەکەمیان پێیوابوو مرۆڤ لە بنەڕەتەوە پەڕەیەکی سپیە و ژینگە هەڵسوکەوت و ئاوەز و ڕەوتاری دیاریدەکات، بەڵام ئەوەی دووەمیان پێیوابوو کە بە سرووشت، لە ڕووی هەستەکی و جەستییەوە، مرۆڤ خۆی هەڵگری کۆمەڵێ تایبەتمەندی و ڕەهەندی عەقڵی و دەروونییە. (سپنسەر) پێیوایە هەلومەرج و ژینگە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە، بەڵام بە پێی تیۆری پەرەسەندن، مرۆڤ هەڵگری خاسییەتە سرووشتیە بایلۆژییەکانی سەردەمی خۆیەتی و نەوە بە نەوەش دەیگوازێتەوە، ناو لەوەش دەنێت (پەرەسەندنی کانتی-Evolitionary Kantism ). (عثمان، ٢٠٠١: ١١٨) .

هەر بەوشێوەیەش، بیردۆزی پەرەسەندن کاریگەری بەسەر فەلسەفەی پراگماتیزمەوە هەبووە، زیاتر لەوەش خودی فەلسەفەکە بە کاریگەریی ئەو بیردۆزە بەشێک لە بۆچوون و تێڕوانینەکانی لەبارەی مرۆڤ خستووەتەڕوو. (ویلیام جەیمس)، جگە لە تیۆرەکە، بە باوەڕەکانی (سیگمۆند فرۆید) کاریگەربووە و بە پرۆسەی غەریزەکانی مرۆڤ (Instincts)و ڕۆڵی لە پێکهێنانی ڕەفتاری مرۆڤ ئاشنابووە. ئەو تێگەیشتنەی کە سرووشتی مرۆڤ ململانێسازە و هەمووشیان بۆ مانەوەی خۆیان هەوڵدەدەن، کاریگەری هەبووە لەسەر درووستبوونی (ئەپستمۆلۆژیای پەرەسەندنEvolutionary -epistemology ) کە بووە هۆی بەرهەمهێنانی مەعریفەی پراگماتیزم، کە تێیدا ڕاستیی بیرۆکەکان و کرداری بەرجەستە و بەسوود بۆ مرۆڤ دەکاتە درووشم، لە بەرانبەردا خەیاڵ و بۆچوونە ئایدیاڵییەکان ڕەتدەکاتەوە (المصدر نفسە: ١٢٨). بەهەمان شێوە (پێرس) باوەڕی خۆی بە داروینیزم نەشاردووەتەوە و پێیوابووە هێز و ڕاستەقینەبوونی گریمانەکان گرەنتی مانەوە دەکەن. ئەو گریمانانە دەبێت ملکەچی تاقیکردنەوەی زانستی و گونجاندن لەگەڵ واقیع بکرێن، تا بەڕاستی لێیان دڵنیابینەوە کە خزمەتمان دەدەن (المرهج، ٢٠٠٨: ٦١).

(پێرس) زیاتر لەوەش تیۆری داروینیزم بۆ لایەنی هزریش دەخوازێت و پێیوایە ململانێ و مانەوە بۆ بەهێزترین بەو واتایەش دێت کە ململانێ و مانەوە بۆ ئەوانەشە کە لەڕووی هزرییەوە لەوانی دیکە بەهێزترن. دەرکەوتنی سەردەمی زانستییش دەرەنجامی ئەو ململانێ هزرییەیە کە لە میانی هەوڵدان بۆ مانەوە و کێبەرکێی هزری هاتوونەتە کایەوە، بۆیە پێرس پێیوایە ململانێ بۆ مانەوە و مانەوەش بۆ بەهێزترین هزرە (المصدر نفسە: ٦١).

پێکەوەگونجانی پراگماتیزم و داروینیزم لەو ڕووەوەیە کە هەردووکیان باوەڕیان بە پەرەسەندنی مرۆڤ و سرووشت هەیە و هەردووکیشیان لە سۆنگەی تاقیکردنەوە و خۆبەدوورگرتن لە باوەڕە باوەکان شیکردنەوە بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دەکەن. هەردوو ئاراستەکە لەسەر بنەمای واقیع و داینامیک و کێبەرکێوە سرووشتی پەرەسەندنی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

کۆمەڵایەتی ڕووندەکەنەوە. بێگومان داروینیزم وەکو تیۆرێکی ماتریالی کاریگەرییەکی بەرچاوی بەسەر پراگماتیزمەوە هەبووە.

## لقی سێیەم: پەیوەندیی پراگماتیزم بە ڕەوشتەوە

فەلسەفەی پراگماتیزم دابڕانێکی لە ڕەوشتناسی و بنەما ڕەوشتییەکان هێنایەکایەوە، کە بەر لە هاتنەکایەی ئەو ڕێچکەیە بۆچوونی کلاسیک و کۆنیان بۆ ڕەوشت دارشتبوو (خدومة، ٢٠١٥-٢٠١٦: ٢٦). بەوشێوەیە کە بنەمای سەرەکی ئامانج و سوود بێت، بڕیاردانی ڕەوشتی و نارەوشتیی هەر کارێک بە دەرەنجامی کارەکە دەبەسترێتەوە و ناکرێت بەر لە دەرەنجام بڕیاری نائاکاری و ئاکارمەندیی پرۆسەکە بدرێت. بەشێک لە پراگماتیستەکان زیاتر لەوەش پێداگری دەکەن و پێیانوایە هەرخۆی پراگماتیزم جۆرێکە لە ڕەوشت و بەهای تایبەت، کە کارکردی ئەوەی هەیە بۆچوونە عەقڵییە کۆنەکان لەبارەی ڕەوشتەوە بگۆڕێت (الطویل، ١٩٥٣: ٣٥).

ئەو تیۆرە ڕەوشت بە حەقیقەتی کردارییەوە دەبەستێتەوە و ئەمەش پەیوەستە بە بەرهەمی سوودبەخش. ئەوەش لە ڕوانگەی تاکەوە بە پێی بارودۆخ بڕیاری لەسەردەدرێت، کەوایە هیچ بۆچوونێکی گشتگیر و ناجێگیر بۆ لەقاڵبدانی ڕەوشت لەگۆڕێدا نیە. لەبەر ئەوەیە پراگماتیستەکان باوەڕیان بە "ڕێژەییبوونی ڕەوشت" هەیە و ئەو یاسا ڕەوشتییە ڕەهایانە ڕەتدەکەنەوە کە لەسەر واقیعێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەسەپێنرێن و پەیوەندییان بە بۆچوونە ئایدیالیزمەکانەوە هەیە، هەربۆیە بەلای ئەو فەلسەفەیەوە ڕێژەییوونی ڕەوشت ئەوەیە چەند بنەمایەک لە کۆمەڵگەدا بۆ پاراستنی تاک و کۆمەڵگە لەبەرچاو بگیرێت، بەڵام ڕەوشت نابێت ببێتە بوارێک بۆ چەقبەستن و کۆتکردنی مرۆڤ لەبەردەم قازانج و ویستەکانی خۆی لەبوارەکانی ژیاندا، چونکە ڕەوشت دیاردەیەکی داینامیکییە و بەپێی ئامانجەکانی مرۆڤ گۆڕانی بەسەردادێت و ناکرێت لە یەک چوارچێوەی جێگیر و نەگۆڕدا مرۆڤی تێدا کۆت و بەند بکرێت. دەشێت بگوترێت پراگماتیزم فەلسەفەی ڕەوشت لە تێگەشتنە ئاینی و میتافیزیکی و عەقڵگەراییە کۆنەکان دەتەکێنێت و دەیکاتە دیاردەیەکی جوڵاو و سوودخوازانە کە هەمیشە لە گۆڕاندایە (شکری، ٢٠١١: ٢٦٣).

لە کۆی باسی یەکەمدا سەبارەت بە ناساندنی چەمکی پراگماتیزم، دەشێت بڵێین: پراگماتیزم بریتییە لە ڕێچکە و هەڵوێستێکی فەلسەفی، کە گرنگییەکی گەوهەری بە کار و پیادەکردنی چالاکی دەدات، زیاتر لەوەی خۆبەستنەوە بێت بە هەڵوێستە فکری و ئایدیاییەکانەوە کە زۆربەی جار بەکردارکرنیان لە زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا قورسە، بەو ئامانجەی لەگەڵ زەمینەی پێویستدا، دەرئەنجامێکی سەرکەوتوو و واقیعییانە لە کردار و چالاکییەکە بکەوێتەوە و بە سوود و قازانج بشکێتەوە، هەر ئەوەش بە بنەمای حەقیقەتبوون و ڕاستی دادەنێت کە دەتواندرێت بە ڕوونی دەرئەنجامی چالاکییەکە ببینرێت و سوودی لێ بکەوێتەوە. پراگماتیزم دەرەنجامەکان وەکو پێوەری هەڵسەنگاندنی کاری سەرکەوتوو لێکدەداتەوە. گەر سەرکەوتوو بوو، کەوایە چالاکیی پیادەکراو سەرکەوتوو بووە، بە پێچەوانەوەش لە سەرنەکەوتنی دەرئەنجامی کار و چالاکیدا، خودی کارەکە هەڵە بووە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## باسی دووەم: هزری پراگماتیزم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا

گومان هەڵنەگرە هزری پراگماتیزم کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هەبووە و داڕێژەری سیاسەتی دەرەوە هەمیشە بەهەندی هەڵگرتووە، ئەوەش جێگەی گرنگیپێدان و شیکردنەوەیە.

لەم باسەدا لە چەند تەوەرەیەکدا، هەریەک لە چەمکی سیاسەتی دەرەوە و پێگەی پراگماتیزم لە تیۆرە نێودەوڵەتییەکان و پێگەی پراگماتیزم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەجیا خراونەتە بەرباس. لە تەوەرەیەکی دیکەشدا بەراوردی پیادەکردنی پراگماتیزمی ئیدارەی (باراک ئۆباما) و (دۆناڵد ترەمپ) کراوە.

### تەوەرەی یەکەم: چەمکی سیاسەتی دەرەوە

پێناسەی جۆراوجۆر و فرەڕەهەند بۆ چەمکی سیاسەتی دەرەوە کراون، کە هەرکامێکیان بەجۆرێک سیاسەتی دەرەوە شیدەکەنەوە و بنەماکانی دیاریدەکەن.

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا توێژەر و مامۆستای زانستە سیاسییەکان (مۆدۆلسکی–Modolski) پێناسەکردنی سیاسەتی دەرەوەی بەسەر دوو ئاراستەدا دابەشکرد، ئاراستەی یەکەم کە سیاسەتی دەرەوە وەکو کۆمەڵێک ئامانجی عەقڵانی و هەماهەنگ دەبینێت. ئاراستەی دووەمیش کە سیاسەتی دەرەوە بە کۆمەڵێک پلان و میتۆد پێناسە دەکات. بەڵام لە حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوودا ئاراستەیەکی دیکەش لە ڕوانین بۆ سیاسەتی دەرەوە پەیدابوو، کە پێیوابوو بریتییە لە کۆمەڵێک بنەما و بەهای گشتی و پلانی سیاسی و کردار لە سیاسەتی دەرەوەدا. ئەم ئاراستەیە هەردوو باوەڕەکەی پێشووی کۆکردبووەوە (شیبانی، ٢٠١٨-٢٠١٩: ٢١).

بەشێک لەو پێناسانە سیاسەتی دەرەوە بە باوەڕ و خواستەکانی بڕیاردەرانەوە دەبەستنەوە. لێرەدا یەکێک لە پێناسەکان بۆ چەمکی سیاسەتی دەرەوە پێیوایە بریتییە لە کۆمەڵێک مەبەست و خواست (Intentions) کە پاڵ بە دەوڵەتەوە دەنێن هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو بنوێنێ، یان بریتییە لە کۆمەڵێک پلان و بەرنامەی دیاریکراو (Plans) لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتدا. یان بریتییە لە کۆمەڵێک بڕیارگەل (Decisions) یان ئامانجەکان (الغايات) کە دەوڵەت بۆ بەدیهێنانی خواست و ویستەکانی دەیانگرێتەبەر. لە هەمان کاتدا گوزارشتیشە لە کۆمەڵێ بنەما و تێگەیشتنی گشتیی دەوڵەت(General Principles) کە جڵەوی کار و کاردانەوەی دەوڵەت و چالاکییەکانی لە کاتێکی دیاریکراودا دەکات (الرمضاني، ١٩٩١: ٢٤) .

هەروەها سیاسەتی دەرەوە وەکو کۆمەڵێک چالاکیی یەک لەدوای یەک (Activity) دەبینرێن کە بڕیاردەر لە سیاسەتی دەرەوەدا دەیانگرێتە بەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەوڵەت، تا کاریگەری بخاتە سەر ژینگەی نێودەوڵەتی یان هەلومەرجی ئەو ژینگەیە بۆ مەبەست و ئامانجی خۆی بقۆزێتەوە. هەر لەو چوارچێوەیەدا سیاسەتی دەرەوە ئەو


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

کاردانەوانەش (Reactions) دەگرێتەوە کە ژینگەی سیاسەتی نێوان ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان بەسەر دەوڵەتیدا دەسەپێنن (المصدر نفسه).

(کۆرت – Kurtlondon) وا پێناسەی سیاسەتی دەرەوە دەکات، کە بریتییە لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتێک بە ئاراستەی دەوڵەتێکی دیکە. پلان و بەرنامەیەکە ئامانج تێیدا وەگیرکەوتن و بەدەستهێنانی باشترین دۆخە بۆ دەوڵەت، بە ڕێگەی ئاشتییانە، بەبێ ئەوەی بگاتە گرژی و پێکدادان (النعیمی، ١٩٩١: ٢١). کۆرت لەو پێناسەیەدا پێیوایە ئەو سیاسەتە هەڵگری کۆمەڵێک پرەنسیپ و بیر و باوەڕە لە بەرانبەر دەوڵەت و ئەکتەرەکانی دیکە .

بە گشتی سیاسەتی دەرەوە بریتییە لەو تاکتیک و ستراتیژ و بەڕێوەبردنەی بەشێوەی کاتی یان درێژمەودا لەلایەن دەوڵەتەوە ئاراستەی سنوورەکانی دەرەوەی دەوڵەت دەکرێت بە مەبەستی بەڕێوەبردنی پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسی و کلتوورییەکان لەگەڵ دەوڵەتان و یەکە نێودەوڵەتییەکان بە ئامانجی پاراستن و گەشەپێدان و بەهێزکردنی دەوڵەت.

## تەوەرەی دووەم: پێگەی (پراگماتیزم) لە تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

دوو گرنگترین تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کە ڕوانگە و تێگەیشتنی هزری و سیاسیان بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان خستووەتەڕوو، بریتین لە تیۆری (لیبڕالیزم) و تیۆری (ڕیالیزم). ئەم دوو تیۆرە سەرەکییە تێگەیشتنی تایبەت و جیاواز و بەرانبەریان هەیە لە بارەی شیکردنەوەی سرووشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوە، کە هەریەکەشیان بە جیا لەگەڵ (پراگماتیزم) لە پەیوەندیدان. لەم تەوەرەیەدا پەیوەندیی هەردوو تیۆر لەگەڵ پراگماتیزم شیکراوەتەوە:

### لقی یەکەم: پێگەی پراگماتیزم لە تیۆری لیبڕالیزمدا

(لیبرالیزم–Lebralism) وەکو تیۆرێکی گرنگ و بایەخدار ڕۆڵی هەبووە لە شیکردنەوەی سرووشتی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. ئەو تیۆرە لەبارەی سرووشتی مرۆڤەوە گەشبینە و پێیوایە لە سۆنگەی عەقڵگەرایی و ئاشتیخوازییەتی مرۆڤەوە، بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دیاریدەکرێن و لە چوارچێوەی هاوکاری و پشتپێکبەستنی هەمەلایەنەی ئابووری و سیاسیدا مرۆڤگەل و دەوڵەتان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هاوکاری یەکدی دەکەن. ئەو تیۆرە پێیوایە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا شەڕ و ململانێ حەتمی نیە، بەڵکو فرەیی و هاوکاری و ڕێکخستنی نێودەوڵەتی بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش لەگۆڕێدایە (الصباغ، ٢٠١٤: ١١). لیبرالیزم لە خوێندنەوەی کۆمەڵایەتییانە و دەروونییانە بۆ سرووشتی "ئاشتیخوازانە"ی مرۆڤ، ڕوانگەی خۆی بۆ سیاسەت دەخاتەڕوو و پێکهێنانی جیهانێکی ئاشتیخوازانە و هاوکارانە و پشتپێکەبەستوو بە ئەستەم نابینێت. چونکە پێیوایە لە بنەڕەتدا سرووشتی مرۆڤ ئاشتیخوازە و ڕەفتاری شەڕانگێزانەی مرۆڤیش، بەرهەمی خراپیی دامودەزگا و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانە. بۆیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی شەڕ و پشێوی حەتمی نین و دۆخی نێودەوڵەتیش ئاژاوە نیە بە قەد ئەوەی هاوکاری و



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

کاری پێکەوەیی تێدایە. بۆیە لە نێو فرەیی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان و پێویستیی گۆڕینەوەی بەرژەوەندی و بوونی هاوکاری و پشتپێکبەستن، دەشێت سیاسەتی دەرەوە لەسەر بنەمای ئاشتەوایی و ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییەکان دامەزرێت و بۆ ئەوەش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی دامەزراوەی هەمەجۆر و هەوڵی بەردەوام خۆی ڕێکبخات (فەرەج، ٢٠١٦: ٢١٦-٢٢٦).

ڕوانگەی لیبرالیزم بە پێچەوانەی ڕیالیزم پێیوایە لە گەشبینییەوە بەرانبەر بە سرووشتیی چاکەکاری مرۆڤ و هاوکاری و عەقڵگەرایی و ئازادیی مرۆڤ، دەشێت سیاسەتی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پڕبکرێ لە هاوکاری و پشتپێکەبستن و بەرژەوەندیی هاوبەشی درێژخایەن، ئەوەش خواستی مرۆڤایەتییە و بەرژەوەندیی هەمەلایەنەی هەموو ئەکتەرەکانی تێدایە. لەم ڕووەوە پراگماتیزم لەلای لیبرالیزم پێگەیەکی گرنگی هەیە، بەڵام پێیوایە سەرجەمی سرووشتی مرۆڤایەتی و سیاسەتی نێودەوڵەتی پێویستی بە بەرژەوەندیی هەمەلایەنە هەیە و ئەو دەستکەوت و سوودگەراییەی دەشێت بەدەستبهێنرێت، دەکرێ بۆ تەواوی مرۆڤایەتی و ئەکتەرە سیاسییەکان بێت. بۆیە لە ڕەنگدانەوەی جێبەجێکردنی پراگماتیزم لە سیاسەتی لیبرالیزمدا، هاوسەنگییەک و نەرمییەک لە بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان بەدیدەکرێت کە هاوسەنگییە لە نێوان خواستی بەرژەوەندیخوازانەی هەر لایەن و ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی کە دەشێت لە ڕێی گفتوگۆ و دانوستان و ئاڵوگۆڕەوە بەدیبێت. بەلای لیبڕالیزمەوە ڕاستە مرۆڤ و دەوڵەت بەدوای سوود و بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن بەڵام ئەوە ڕێگر نیە لەوەی پشتپێکبەستنی هەمەلایەنە هەبێت و پێکەوە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن.

## لقی دووەم: پێگەی پراگماتیزم لە تیۆری ڕیالیزمدا

یەکێک لە تیۆرە هەرە گرنگ و کرداریەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ شیکردنەوەی سرووشتی پەیوەندی و سیاسەتی نێودەوڵەتی بریتییە لە تیۆری (ڕیالیزم-Realism) هاوکات یەکێکە لەو تیۆرە گرنگانەی کە پەیوەندییەکی بەهێزی بە واقیعی ژینگەی نێودەوڵەتییەوە هەیە. دوو گرنگترین بنەمای ئەم تیۆرە کە پێیوایە سەرجەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی لەسەر بیناکراوە و هەر بەو دوو بنەمایەش سیاسەتی دەرەکی درووستدەکرێت، بریتین لە (بەرژەوەندی-Interest) و (هێز-Power)، ئەوەش لە پێناو ئەوەی دەوڵەت بگاتە دۆخێکی بەهێز و جڵەوکار (Control) (مقلد، ١٩٧١: ١٨-١٩). هەڵبەت تیۆری ڕیالیزم خوێندنەوەی تایبەتی بۆ هەریەک لە سرووشتی مرۆڤ و سرووشتی سیاسەتی نێودەوڵەتی هەیە. پێیوایە مرۆڤ لە سرووشتی خۆیدا بوونەوەرێکە بە دوای هێز و پێگە و هەژموونەدا دەگەڕێت، هەربۆیە ململانێ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و هێز لای مرۆڤ بابەتێکی غەریزەییە و پەیوەندی بە دەروونییەوە هەیە، ئەوەش سرووشتێکی نەگۆڕە. ئەم دیدە لەو سەرچاوە کلاسیکییەی ڕیالیزمەوە وەک بۆچوونەکانی (هۆبز و ماکیاڤیللی...) هاتووە کە بە ڕای ئەوان مرۆڤ بوونەوەرێکی بەرژەوەندیخواز و خۆپەرستە و بەدوای بەرژەوەندی و سوودی خۆوەیەتی و ئامادەیە بۆ بەدەستهێنانی پێگە و هێزی کۆمەڵایەتی بەسەر ئەوانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

دیکەدا خۆ بسەپێنێت. لە ڕووی سیاسەتی نێودەوڵەتیشەوە ڕیالیزم پێیوایە ژینگەی نێودەوڵەتی درێژکراوەی مەیلی فراوانخوازی و بەرژەوەندخوازیی مرۆڤە، هەربۆیە دەوڵەتانیش لەسایەی نەبوونی حکومەتێکی جیهانی و بوونی بەردەوامی (ئاژاوە-Anarchy) هەوڵدەدەن لە ڕێگەی پشت بەخۆبەستنەوە هێز بەدەستبێنن و پێگەی خۆیان بەرەو پێشەوە ببەن و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان بپارێزن. بۆیە سیاسەتی واقیعی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەدەستهێنانی هێز و بەرژەوەندیی نەتەوەییە، نەک ئاوڕدانەوە لە بنەما ئاکاری و ڕەوشتی و ئایدیالییەکان وەک بەشێک لە تیۆرەکان بانگەشەی بۆ دەکەن. لەو چوارچێوەیەشدایە ڕیالیزم لە درووستکردنی سیاسەتی دەوڵەتدا ڕێی ئەوە پیشانی سیاسەتکاران دەدات کە پێویستە لە خەمی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندابن، نەک هاوکاری و پشتپێبکەستن و بنەما ڕەوشتییەکان (فەرەج، ٢٠١٦: ١٦٢-١٧٤).

بە سەرنجدان لە تیۆری ڕیالیزم بۆ خوێندنەوەی سرووشتی مرۆڤ و سیاسەتی نێودەوڵەتی کە سەرنجی سەرەکی لەسەر بەدەستهێنانی هێز و بەرژەوەندییە و ئەکتەری دەوڵەتیش وەکو یەکەی عەقڵانی و تاکە ئەکتەری بەدەسەڵات لەڕووی نێودەوڵەتییەوە دەبینێت، پراگماتیزم لەگەڵ ڕیالیزمدا لەپەیوەندییەکی بەهێزدایە. کرۆکی بەیەکەوەگونجانی ڕیالیزم و پراگماتیزم لە سوودگەرایی و قۆستنەوەی واقیع و هۆشیاری واقیعبینانە و دوورکەوتنەوە لە بنەما ئاکارییەکانەوە دێت. تەوەرەیەکی سەرەکیی بەیەکەوەبەستنەوەی ڕیالیزم و پراگماتیزیش لە بە تەوەرگرتنی بەرژەوەندی و سوودەوە سەرچاوەی گرتووە، بەو پێیەی لە ڕیالیزمدا ململانێی سەرەکی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانە و پراگماتیزم بەدیهێنەری ئەو بەرژەوەندییە زیندووانەیە. پێکچوونی ئەو دوو ڕوانگەیە لە ململانێی بەردەوامیی مرۆڤ و کێبڕکێ کردنیدایە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە داینامیکی و بەردەوامەکانی کە پەیوەندییەکی بەهێزی بە غەریزە و خواستی مرۆڤەوە هەیە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی کە دواجار لە گۆڕەپانی سیاسەتدا ڕەنگدەداتەوە. ململانێی بەردەوام و خواستی بەردەوام بۆ بەرژەوەندخوازی دوو بنەمای سەرەکیی هەردوو ڕوانگەکەن.

## تەوەرەی سێیەم: پیادەکردنی پراگماتیزم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا

ڕەگوڕیشەی فەلسەفەی پراگماتیزم کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هزری سیاسیی ئەمریکا و سیستەمی سیاسیی نێوخۆیی هەبووە. ئەوەش لە ڕوانگەی سیاسەتی دەرەوە و جیهانبینی بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە ڕەنگیداوەتەوە. ئەم کاریگەرییە بەو هۆیەوە بوو کە پراگماتیزم لە زەمینەیەکی واقیعی تاقیکردنەوە سەرچاوەی گرتبوو کە تا ڕاددەیەکی بەرچاو لە تێگەیشتنە فەلسەفەییە ئەفلاتوونی و کانتی و هیگڵییەکان دوورکەوتبووەوە. دەشێت هەر ئەوە هۆکارێکی ئەوە بێت کە دوای سێسەد ساڵ ئەمریکا بە ڕوانگەیەکی زانستییانە، توانیبێتی پشت لە بەها کۆنەکان و ڕوو لە بەرژەوەندییە زیندووەکان، سەرکردایەتیی جیهان بکات (حمید، ٢٠١٣: ١).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەمریکاشدا، ئامادەیی چین و توێژەکان بۆ گرنگیدان بە فەلسەفەی دەستکەوت و کردار، لە سیاسەتی ئەمریکادا ڕەنگیداوەتەوە. بوونی یەکگرتنی پیاوانی سیاسی و بازرگانی و ئاینی بۆ گرنگیدان بە ئامانجەکانی ئەمریکا، بەرهەمی ئەو هزرە کۆمەڵایەتییە کردارخوازە بووە. تەنانەت ئاراستەی ئاینیی پرۆتستانتی کالڤینی پێیوابووە ئاین دەبێت گرەنتیی فەزیلەتە نەتەوەیی و ئامانجە نیشتمانییەکان بکات، ئەوەش ئامانج و خزمەتێکی دونیاییە. هەروەک لە درووشمێکیاندا دەڵێن:"دونیای دواتر درێژکراوەی هەوڵ و کاری دونیای ئەمڕۆیە و ئیمان هیچ نیە جگە لە کردار. ئیمان بەهای نیە، ئەگەر کرداری لێ نەکەوێتەوە". هەر بەو هۆیەوە بووە بەشێکی زۆر لە ئەمریکییەکان دەڵێن: "ئاینی ڕاستەقینەی ئەمریکا سۆفیگەریی سەرکەوتنی ماددییە" (بلاتونوف، ٢٠٠٢: ١٨).

لەلایەکی دیکەوە لەڕووی ئابوورییەوە، گواستنەوەی کۆمەڵگەی ئەمریکی لە جڤاکێکی کشتوکاڵیی کلاسیکی بۆ کۆمەڵگەیەکی پیشەسازیی مۆدێرن، پێویستبوون و بایەخی هزری پراگماتیزمیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەمریکادا گرنگتر کرد. بە تایبەت کە پراگماتیزم جەختی سەرەکی لەسەر بنەماکانی کار و دەرەنجامی کار دەکاتەوە (دشر، ٢٠١٦: ٣٩٨).

دامەزراندنی بنەما ڕەسەنەکانی ئازادی و تاکگەرایی و مافەکان لە ئەمریکادا، ڕێگەیان بۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی عەقڵی کار و هەوڵدان کردووەتەوە، بەرهەمی ئەوەش درووستکردنی پاڵنەرە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی عەقڵی ئەمریکییە کە لەژێر سایەی تێگەیشتن لە ژینگەی هەمیشە جوڵاو و پەرەسەندوو و پڕ لە ململانێی جیهاندا پێویستە مرۆڤ لە کۆششی بەردەوامدابێت بۆ کۆنترۆڵکردنی دەوروبەر و ژینگە و ئەکتەرە زیندووەکانی دیکە. ئەم تێگەیشتنە پێیەکی لەنێو تاقیکردنەوە و بیرکردنەوەی زانستییانەدایە لەبارەی جیهان، پێیەکیشی لە نێو پراگماتیزم و سوودگەراییدایە (المصدر نفسە: 1).

لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا، سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا (ڕۆزفێڵت) گوتی:"بە ئەمریکاکردنی جیهان چارەنووسی نەتەوەکەمانە و قەدەری ئێمەیە". ئەو درووشمە تا ڕادەیەکی زۆر نیشاندەری ئەوەیە کە ئەمریکا وەکو زلهێزێک لە نیوەی سەدەی بیستەمەوە، خواستی وەچنگخستنی هێز و پێگە و سەرکردایەتیکردنی جیهانی هەبووە. ئەو تێگەیشتنە لە بنەما هزرییەکانی ئەمریکییەکانەوە هاتووە کە پێیوایە ئەمریکییەکان بۆ خوڵقاندنی جیهانێکی نوێ هاتوونەتە ئاراوە و لە چوارچێوەی پراگماتیزمی واقیعی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بەرجەستەبووە کە کاکڵەکەی لەسەر بنەماکانی بیرکردنەوەی پراگماتیکی و کاری بەردەوام و سەرکەوتنی حەتمی دامەزراوە.

یەکەم وەزیری گەنجینەی ئەمریکا (ئەلێکساندەر هاملتن ١٧٥٥-١٨٠٤ز) ئاماژەی بەوە داوە :"سەرکەوتن لەکوێ بێت، ڕەوشت لەوێ نیە". ئەوەش بەو واتایە دێت کە بیرکردنەوە و ڕەوشتی ئەمریکی لە تەواوی ڕەوشتی جیهانی جیاوازە و زەمینەیەکی وای درووستکردووە کە تاکی ئەمریکی بیر لە جڵەوکردنی ڕووداو و دیاردەکان بکاتەوە و بەردەوامیش خۆی لە نێو گۆڕانکاری و کێبەرکێدا بدۆزێتەوە (اناتول، ٢٠٠٨: ٩٢-٩٣).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا (هاری ترومان) دەربڕی : "ئێمەی گەلی ئەمریکا، خودا بۆ ئەوە درووستیکردووینە، لە پێگەی هێز و دەسەڵاتدا خۆمان ببینینەوە و لە پێناو ئامانجێکی مەزندا کار بکەین". ئەم پەیامەی ترومان جگە لەوەی خۆی کاریگەر بوو بە فەلسەفەی ئەمریکا، دواتریش کاریگەری بەسەر سەرۆکەکانی دیکەی ئەمریکاوە هەبووە. کە کرۆکەکەی باوەڕبوون بووە بە ئەمریکایەک کە دەتوانێت جیهانێکی نوێ بێنێتە ئاراوە و ئامانجە گشتییەکانی جیهان دیاریبکات (العادي، ٢٠١٦: ٩٠).

لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستەمیشدا، کاتێک ئیدارەی (ریچارد نیکسۆن) لەسەر دەسەڵات بوو و بۆچوونە واقیعییەکانی (هێنری کیسەنجەر) لە نێو ماکینەی سیاسەتی دەرەوەدا کاریدەکرد، ئەوەی دووپاتکردەوە کە ئامانجی هەر پیاوێکی دەوڵەت بریتییە لە پاراستنی هاوسەنگیی هێز نەک ئاشتی و بنەما مرۆییەکان، بۆیە ئەمریکا پێویستی بە پراگماتیزمە، ئەم شەپۆلە پاش دەستلەکارکێشانەوەی (نیکسۆن) و هاتنەسەرکاری (جیرالد فۆرد) لە (١٩٧٤-١٩٧٧) لەلایەن (کیسەنجەرەوە) بەردەوام بوو (سهام، ٢٠١٢-٢٠١٣: ١٨).

ئەگەر مێژووی سیاسیی ئەمریکا دابەشی دوو قۆناغ بکرێت، قۆناغی یەکەم بە (خەونەشار-یۆتۆپیا) ناوزەد دەکرێت کە دامەزرێنەرانی ئەو وڵاتە خەریکی هێڵە گشتییەکانی بەدامەزراوەییکردنی ماف و ئازادییەکانی تاکی ئەمریکی بوون و ڕوویان لە ناوخۆی دەوڵەتەکە بوو. قۆناغی دووەمیش لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە دەستپێدەکات کە تێیدا ئەمریکا سنووری (سۆسیۆ-مێژوویی)ی خۆی تێدەپەڕێنێت و دەیەوێت ڕۆڵی زلهێزانەی خۆی لە دەرەوەی خۆیدا بگێڕێت (العادي، ٢٠١٦: ٩٣).

بەپێی بۆچوونی (لوید جۆنسن) سیاسەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێک، میتۆد و شێوازی خۆی هەیە کە جوڵەکانی دیاریدەکات. هەرچی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە، لەسەر بنەمای (پراگماتیزمی سوودخوازانە) ڕێچکەی گرتووە، کە یەکەمینییەتیی قازانج و دەستکەوت بەسەر بەها و بنەما ڕەوشتییەکاندا سەردەخات. ئەوەش بەو هۆیەی کە پراگماتیزم و واقیع لە ئەمریکا تەواوکەری یەکترین (جونسن، ١٩٨٩: ٦).

بەو واتایەی بنەمای نەگۆڕ لە سیاسەتی ئەمریکادا لەسەر دۆستایەتی یان دوژمنایەتیی هەمیشەیی نیە، بەڵکو لەسەر بنەمای قازانج و بەرژەوەندیی هەمیشەییە. لەو تێگەیشتنەوەیە داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا، باوەڕیان بە بەردەوامییەتی ململانێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناکۆکییە بەردەوامە سرووشتییەکانی مرۆڤ هەیە. ئەو بارودۆخ و ڕاستییە نکۆڵینەکراوەش ئەوە لە ئەمریکا دەخوازێت بەردەوام بەدوای سەرچاوەی هێزی زیاتر و سامانی زیاتردا بگەڕێت و سیاسەتی فراوانخوازی (Expansionism) بەردەوامبکات. لێرەدا چەمکی (بەرژەوەندی) ئامانجی سەرەکیی داڕێژەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە، کە ئامانج تێیدا سوود و سەرکەوتن و هەژموونە (مؤلف جماعی،٢٠١٧: ٣٩٦).

لەبەرئەوە، ئەوەی سیاسەتی دەرەوە پشتی پێدەبەستێت تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی کردارییانەیە لە دەرەنجامێکی درووست و سوودبەخشانە، نەک پشتبەستن بە کۆمەڵێک نۆرم و بەهای پێشوەختە کە لێکەوتەی سوود و زیان بۆ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئەمریکا ناڕوون بکات، هەروەکو چۆن پراگماتیزم بنەما هزرییە پێشوەختە و تاقینەکراوەکانی ڕەتدەکردنەوە و پێوەری هەر حەقیقەتێکی بە ئەنجامەکەی لە مەیدانی کاردا دەپێوا. لەم ڕووەوە فەلسەفەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر فرەکردنی بیرۆکەکان و بەدیلەکان و بژاردەکان درووستدەکرێت (المصدر نفسە: ٣٨٩).

بوونی چەندین جەنگ لە سەدەی بیستەمدا لەلایەن ئەمریکاوە کە دیارترینیان شەڕی (ڤێتنام و ئەفغانستان و عێراق) بوون، لەسەر بنەمای بەکارهێنانی هێزی سەربازی و شەڕی کێبڕکێکار و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی، دەرخەری پراگماتیزمن، چونکە لە هەمان کاتدا دەتوانرێت نموونەی هاوکاریکردنی دیپلۆماسی و ئابووریی ئەمریکا بۆ وڵاتانیش ببیندرێتەوە. ئەم بەرز و نزمی و هەمەچەشنییە لە سیاسەتی دەرەوەدا بەرهەمی تەنیا بە گرنگ زانینی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بووە کە پراگماتیزم هێناویەتە کایەوە. بەرژەوەندیش لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرژەوەندییەکی نەتەوەییە، کە ئەوەش خۆی ڕەوشت و بەهای باڵایە.

## تەوەرەی چوارەم: جێبەجێکردنی پراگماتیزم لە هەردوو ئیدارەی (باراک ئۆباما) و (دۆناڵد ترەمپ)دا

پراگماتیزم بە جیاوازیی ئاراستەی دیموکراتەکان و کۆمارییەکان، لە ئەمریکادا گرنگییەکی زۆری هەبووە. بەڵام بەهۆی جیاوازیی ڕوانگە و جۆری تاکتیک، پیادەکردنی پراگماتیزم لەلایەن هەریەک لە دیموکرات و کۆمارییەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە. لەم تەوەرەیەدا گرنگترین سیماکانی پراگماتیزمی هەریەک لە ئیدارەی (باراک ئۆباما) و (دۆناڵد ترەمپ) خراوەتە بەرباس و گرنگترین جیاوازییەکانیان دەستنیشانکراوە.

### لقی یەکەم : پراگماتیزم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی ئۆبامادا (پراگماتیزمی شاراوە و نەرم)

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە هەر کاتێکدا، بەپێی کۆمەڵێک بنەمای دامەزراوەیی و دامودەزگایی بەڕێوەدەچێت. بەڵام هاتنەسەرکاری هەر سەرۆکێک و ئەجێندای تایبەتی خۆی و دەستەکەی، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئاراستە و شێوازی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە. هەر لەبەر ئەوەشە زۆربەی سەرۆکەکانی ئەمریکا لە سەردەمی خۆیاندا بە کۆمەڵێک سیما و بنەما و ئاراستەی سیاسی دەناسرێنەو و جۆری سیاسەتکردنیان بەرانبەر دەوڵەتانی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی جێگەی ناسین و شیکردنەوە بووە.

یەکێک لە سەردەمە گرنگەکانی ئەمریکا هاتنەسەرکاری سەرۆک (باراک ئۆباما) بووە بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا. بەشێکی ئەو گرنگایەتییە لەبەر ئەوە بوو، بۆ یەکەمجار کەسێتییەکی ڕەشپێست لە ئەمریکا بگاتە کورسی سەرۆکایەتی. بەشێکی دیکەی ئەو گرنگییە لەبەر ئەوە بوو، لەدوای شەڕی ئەفغانستان و عێراق کە (جۆرج بۆشی کوڕ) سەرکردایەتی کردبوو، سەرنجی جیهان لەسەر ڕۆڵی سیاسیی نوێی ئەمریکابوو.

بە هاتنەسەرکاری (باراک ئۆباما)، کۆمەڵێک ئاراستەی نوێی ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەرکەوتن. کە دیارترینیان گۆڕینی وێنەی باوی ئەمریکا بوو لە هزری جیهاندا. (ئۆباما) وەکو سیمبولی نوێنەرایەتیکردنی حزبی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

دیموکراتەکانی ئەمریکا، لە دوای دوو خولی سەرۆکایەتیی (جۆرج بۆش) کە بەکارهێنەری هێزی سەربازی و ڕاستەوخۆ بوو لە یەکلاکردنەوەی ململانێکاندا، نمایندەی سیاسەتێکی نەرمتر و دیموکراتیانەتری بەرانبەر جیهان کرد و کۆمەڵێک سیاسەتی جیاوازی بەرانبەر بە جیهان گرتەبەر.

بەر لە هاتنەسەرکاری (باراک ئۆباما)، ئیدارەی (جۆرج بۆشی کوڕ) لە ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٠٨) تایبەتمەندی و سیمای سیاسیی خۆی هەبوو. سیاسەتی (بۆش) لەسەر بنەمای هزری موحافیزکارە نوێیەکان هەڵگری ستراتیژی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و جەنگی تیرۆر و بەکارهێنانی هێزی سەربازی (هێزی ڕەق) و دووبارە گێڕانەوەی ئاسایشی ئەمریکا بوو. بە تایبەتی لە ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٠٤) ستراتیژی ئەمریکی لەژێر درووشمی "جەنگی تیرۆر" و "بنەماکانی بۆش" بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکان و پاراستنی هەژموونی ئەمریکا، لە جەنگی ئەفغانستان و عێراقدا پەنای بردە بەر هێزی سەربازی. کرۆکی ئەو سیاسەتەش لە "گورزی دەستپێشخەرانە ـ الضربة الأستباقية" بۆ لەناوبردنی "هەڕەشەکانی سەر ئەمریکا" بەرجەستەبوو (کلارک، ٢٠٠٤، ٩٤١).

کاتێک (باراک ئۆباما) لە حزبی دیموکراتەکانی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠٠٨) وەکو سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردرا، لە ژێر ناوی درووشمەکانی "گۆڕان" و "هێزی زیرەک"، گۆڕانکارییەکی گشتی لە ستراتیژی ئەمریکا لە گوتار و کرداری ئەمریکا، ڕووەو جیهان دەرکەوت. ئەرکێکی هەرە گرنگی ئۆباما نمایندەکردنەوە و دووبارە وێنەکێشانەوەی شێوەی زلهێزییەتی و سەرکردایەتیی ئەمریکا بۆ جیهان بوو. بە تایبەت کە جیاواز لە ئیدارەی پێش خۆی، ئیدارەی (ئۆباما) هەوڵیدا ڕێگەیەکی نەرم و دیپلۆماسیتر بۆ ئەمریکا بگرێتەبەر و ئەو وێنە سەربازییەی لە بەکارهێنانی هێزی ڕەقدا لە سەردەمی بۆش دا درووستببوو، بیسڕێتەوە. لەبەر ئەوە ئیدارەکەی هەوڵیدا، هەردوو (هێزی نەرم) و (هێزی ڕەق) تێکەڵبکات کە بە (هێزی زیرەک) ناودەبرێت (مجلة اوروک،٢٠١٧: ٣٢٨).

خواستی ئەو پلانەی (باراک ئۆباما) کاڵکردنەوەی ڕەوتی (دژە ئەمریکابوون-Anti-Americanism) بوو کە لە دوای داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراق دووبارە بەرەو ڕووی ئەمریکا لە بەرزبوونەوەدا بوو. ئامانجە گشتییەکانی ئەو ستراتیژەی (باراک ئۆباما) بریتی بوون لە یەکەم: دووبارە بەهێزکردنەوەی هاوپەیمانییەتییەکان و پەیوەندیی هاوبەشەکانی ئەمریکا و ڕێکخراوەکان، کە پێکەوە بتوانن ڕووبەڕووی هەڕەشە هاوبەشەکان ببنەوە چونکە ئۆباما زیاتر ڕووی لە سیستەمی (کاری پێکەوەیی و پشتپێکبەستن) بوو، بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا(Ismail Khan, 2013: 1) دووەم: پشتبەستن بە بەکارهێنانی بەخشین و هاوکارییە ئابوورییەکان و پرۆژەی گەشەپێدان لەسەر ئاستی دەرەکی. هەردوو ئامانجیش لە پێناو بەهێزکردنی پێگەی ئەمریکا و دووبارە ڕاکێشانەوەی ڕای گشتیی نێوخۆی ئەمریکا و دەرەوەی ئەمریکا بوو (المصدر نفسه: ٣٣٦).

لە پێشینەی بەرنامەی (ئۆباما) دا، دووپات کرایەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکەمینییەتی (أولویه)ی ستراتیژی ئەمریکا لەڕووی سیاسی و ئابووری و ڕەوشتییەوە دادەڕێژێتەوە بەشێوەیەک کە خزمەتی سەرکردایەتییەکەی بۆ جیهان بکات. ئەم پاراستنی بەرژەوەندی و سەرکردایەتییەی ئەمریکا بە هاوکاری نێوان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

وڵاتان نەبێت ناپارێزرێت، ئەم بۆچوونە ستراتیژییە لە ژێر کاریگەریی هەندێک بیری سیاسییدا بوو، وەک چۆن (بریجنسکی) ئاماژەی بەوەدابوو مانەوەی ئەمریکا بە هێزەوە و بە شێوەیەکی تاکجەمسەرانە لەسەر ئاستی جیهاندا، گومانهەڵگر و لەقە، ئەگەر بێت و ئەو هێز و بەشدارییە لەگەڵ هەریەک لە وڵاتانی (چین و ڕووسیا) بەش نەکات (المصدر نفسە: ٣٤١).

هەروەها "گۆڕانی سیاسەتی دەرەوە" یەکێک بوو لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی بانگەشەی (باراک ئۆباما) بۆ سەرۆکایەتیکردنی ئەمریکا. لەوانەش سەرنج خستنە سەر کۆتاییهێنانی بە جەنگی عێراق و ئەفغانستان و کشاندنەوەی بەرەبەرەی هێزەکانی ئەمریکا لەو دوو وڵاتە. لەلایەکی دیکەوە سەرنجی لەسەر ئەوە بوو دووبارە پەیوەندییە هاوپەیمانییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەمریکادۆست نوێبکاتەوە و لە باری ئابووریشدا پەیوەندی نوێ گرێبدات، لەم ڕووەوە کابینەی ئۆباما دووبارە ڕەوتی لیبڕالیزمی جیهانی و پشتپێکبەستنی سیاسەتی نێودەوڵەتی لە نێوان ئەمریکا و وڵاتانی جیهان هێنایەوە گۆڕێ (M.McCormick, 2011: 235) .

لەلایەکی دیکەوە ستراتیژی (ئۆباما) دووبارە بیناکردنەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی و بەهادانان بۆ یاسا نێودەوڵەتی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بوو لە بواری بازرگانی و ژینگە و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و مافەکانی مرۆڤ. هەروەها گەڕانەوەیەک بەرەوڕووی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی (International Development) ڕوویدا کە خۆی لە هاوکاریکردنی وڵاتان دەبینییەوە. لە هەمان کاتدا ویستی ئەمریکا بۆ سەرکردایەتیکردن و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە جیهانییەکان بە تایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەڕێنێتەوە، بەتایبەت لە ڕێگەی هێزە نەرمەکانی وەکو لایەنی ڕۆشنبیری و هزری و دیپلۆماسی. ئەوانەش بۆ خزمەتی (ناسنامەی نەتەوەیی ئەمریکا-Usa identity) گیرانەبەر، کە خۆی لە بەهاکانی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و تاکگەرایی و بازرگانیی ئازاد دەبینێتەوە (القیسي، ٢٠١٦: ١٧٩-١٨١).

ئیدارەی (ئۆباما) باوەڕی بە بەهێزکردنەوەی هاوپەیمانییەکان و ڕێککەوتننامەکانی جیهان هەبوو، ئەوەش لە ڕێگەی نوێکردنەوەی هەژموونی ئەمریکا بەسەر جیهاندا لەسەر بنەمای هاوبەشییەتی و هاوپەیمانی. ئەو ڕوانگەیە نەک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەڵکو لەسەر ئاستی هەرێمییش سیاسەتێکی لیبڕاڵی و نەرمی گرتەبەر، هەر لە بابەتی بۆمبی ناوکیی ئێران و کۆریای باکور و دۆزی فەڵەستین و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی (المصدر نفسە: ١٧٩-١٩٩). لە ساڵی (٢٠٠٨) ئۆباما دووپاتیکردەوە کە ئەمریکا هەر تەنیا لەگەڵ دۆستەکانی پێکناگات، بەڵکو لەگەڵ نەیارەکانیشی پێکدەگات. بۆ پشیتوانیی زیاتر لەو بۆچوونەش، قسەکەی کۆنەسەرۆکی ئەمریکا (جۆن کینیدی) دووپاتکردەوە کە دەڵێت:"هەرگیز پێویست ناکات بە ترسەوە دانوستان بکەین، بەڵکو دەبێت لەوە بترسین لە دانووستاندا نەبین" (جرجس، ٢٠١٤: ٢٢).

ئۆباما لە عێراقدا ستراتیژی کەمکردنەوە و کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکای دەستپێکرد کە خۆی لە سێ قۆناغدا بینییەوە: قۆناغی یەکەم، لە ساڵی (٢٠٠٨) دەستپێکرد، کە هێزە ئەمریکییەکانی لە (١٨) شاری عێراقدا بردە دەرەوەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

شارەکان. قۆناغی دووەم، کە لە ساڵی (٢٠١٠) دەستیپێکرد و ناوی پرۆسەی (بەرەبەیانیی نوێ-الفجر الجديد)ی لێ نرا، ژمارەی سەربازانی ئەمریکا بۆ (٤٧٠٠٠) سەرباز کەمکرایەوە. قۆناغی سێیەم، لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠١١) جێبەجێبوو کە تێیدا بە تەواوی هێزی سەربازیی ئەمریکا لە عێراق کشێندرانەوە (محمد،٢٠٢٠: ١٣٨). .

لەبارەی ئێرانەوە، (باراک ئۆباما) لە ماوەی سەرۆکایەتیی خۆیدا، پەراوێزێکی فراوانی بۆ گفتوگۆ و بونیاتنانی متمانەی دوولایەنە و هەوڵدان بۆ دەرچوون لە تەنگەبەری دیپلۆماسی و سوککردنی سزاکانی لەگەڵ ئێراندا کردەوە، ئەوەش لە میانی چوارچێوە گشتییەکەی سیاسەتی ئۆبامادا بوو کە پێیوابوو دەشێت لە ڕێگەی گفتوگۆ و نزیکبوونەوە لە لایەنەکانی بەرانبەر، بەشێکی فراوانی ئامانجەکانی ئەمریکا لە گۆڕینی هەڵسوکەوتی ئێراندا بێتەدی .

ڕێکەوتننامەی ئەتۆمیی ئێران کە لە نێوان ئێران و وڵاتانی (٥+١) بەسترا، بە هاوکاری و پشتیوانیی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠١٥) بەڕێوەچوو، کە تێیدا لە بەرانبەر بەڵێنی هێنانەخوارەوەی ئاستی پیتاندنی یۆرانیم و پیشاندانی نیازپاکیی ئاشتیانەی ئێران لە بابەتی پیتاندنی یۆرانیۆمدا، کۆمەڵێک سزا و گەمارۆی سیاسی و ئابووری لە چالاکییەکانی پەترۆکیمیاوی و نەوت و داراییدا لەسەر ئێران هەڵگیران. هەرچەندە ئێران لە ڕێککەوتنەکەدا خواستی ئەوەی هەبوو لەو ڕێگەیەوە ڕێڕەوێک بۆ مانەوە و بووژانەوەی خۆی بکاتەوە، بەڵام ئامانجی کابینەی ئۆباما گۆڕینی ڕیشەیی هەڵسوکەوتی ئێران بوو لە پرۆسەی گەشەپێدانیی ناوکییدا (الموسوی، ٢٠١٤: ١٤) .

لە قەیرانی سوریاشدا ئامانجە ئاشکراکانی ئەمریکا بریتی بووە لە دژایەتیکردنی ڕژێمی تۆتالیتاری سوریا و بڵاوکردنەوەی بەهاکانی ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە سوریادا. بەڵام ئامانجە نائاشکراکانی ئەمریکا پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و لاوازکردنی بەرەی ئێران و ڕووسیا و پاراستنی ئیسرائیل بووە .

ئەمریکا جگە لەوەی لەسەر ئاستی سەربازی هاوکاریی گرووپەکانی سوریای نزیک لە خۆی دەکرد، لەڕێگەی هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانیشییەوە بە سەپاندنی سزای نێودەوڵەتی دژی ڕژێم، سوریای خستە نێو گەمارۆ و سزادان و پەراوێزەوە. لەو چوارچێوەیەدا لە (١٨ی ئایاری ٢٠١١) سەرۆکی سوریا (بەشار ئەسەد) و کۆمەڵێک بەرپرسی سیاسی و ئاسایش لە ڕژێمی سوریادا کەوتنە بەر سزای نێودەوڵەتی (قبلان، ٢٠١٥: ١١) .

لەلایەکی دیکەوە کاتێک (ئۆباما) هاتە سەر دەسەڵات. ئەمریکا و ئەورووپا لە قەیرانی دارایی ساڵی (٢٠٠٧-٢٠٠٨)دا بوون، ئۆباما لەڕووی ستراتیژی ئابوورییەوە توانی ڕێگەیەکی جیاواز بۆ نەهێشتنی ئەو قەیرانە بگرێتەبەر، بەتایبەتی لەڕێگەی بەگەڕخستنی هێزی زیرەکی ئەمریکا، کە ڕێگەی دا بە هاوکاری و پشتپێکبەستنی ئابووری دووبارە کۆمەڵگەی ئابووریی ئەمریکا بخاتەوە سەرپێ. ئەو ئیدارەیە ویستی لەڕووی ژیاندنەوەی ئابووریی ئەمریکا (The U.S Economy revive)کاریگەرییە ئابوورییەکانی شەڕی ئەفغانستان و عێراق لەسەر ئەمریکا کەمبکاتەوە و ژیاندنەوەی دۆخی ئابووری ئەمریکا ببێتە هۆی پاراستنی هەژموون و هێزی ئەمریکا. ئەم میتۆدەی ئیدارەی (ئۆباما) بە (ستراتیژی نەرم-Flexibility Strategic) ناویدەنهێنرا، کە خۆی لە هاوکاریی دەزگا ناوخۆییەکانی ئەمریکا و لێکگرێدانی سیاسەتی دەرەوە بۆ بووژانەوەی ئابووری ئەمریکا بینییەوە (هاس، ٢٠١٧: ٥٢-٥٣).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

بە گشتی پراگماتیزمی ئۆباما بۆ پاراستنی هێز و بەرژەوەندیی نیشتمانیی ئەمریکا لەسەر بنەمای هێزی زیرەک و گفتوگۆ و دانووستان و بەکارنەهێنانی هێزی ڕاستەوخۆی سەربازی بەڕێوەچووە کە دەشێت بە پراگماتیزمی شاراوە و نەرم ناوی بهێنین.

## لقی دووەم: پراگماتیزم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی دۆناڵد ترەمپدا (پراگماتیزمی زەق)

سەرۆکی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) کە لە ساڵی (٢٠١٦-٢٠٢٠) وەکو کاندیدی کۆمارییەکان پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکای وەرگرت، هەر لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بەرانبەر کاندیدی دیموکراتەکان (هیلاری کلنتن) ڕەخنەی ڕەگوڕیشەدار و گشتگیری لە سیاسەتی سەردەمی دیموکراتەکان گرت کە لە سەرۆکایەتیی (باراک ئۆباما) دا بەرجەستەبوو .

(ترەمپ) ڕەخنەی توندی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەگرت و پێیوابوو سەرچاوە مرۆیی و داراییە فراوانەکانی ئەمریکا لە دەرەوەی ئەمریکادا بەفیڕۆ دەدرێن. ئەمریکا لە بونیاتنانی سیاسەتێکی درووست لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و درووستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاوتاکانی و بەڕێوەبردنی قەیران لە باکوری ئەفریقادا شکستی هێناوە. هەروەها هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بە ئەرکی سەربازی و دارایی خۆیان لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەتی لەگەڵ ئەمریکادا هەڵناستن و تا دێت وڵاتانی دژبەری ئەمریکا لە ڕووی هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە لە گەشەکردندابوونە و ڕەوتە تیرۆریستییەکانیش لە سایەی سیاسەتی هەڵەی کابینەی (باراک ئۆباما و هیلاری کلنتن) گەشەیان کردووە (یوسف، ٢٠١٩: ١٠٦).

چوارچێوەی بیرکردنەوە و سیاسەتی (ترەمپ) لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی خۆی لە (پەراوێز) و (ڕووکردنە سیاسەتی نێوخۆیی) و (ئاراستەی ئابووری) دەبینییەوە. بەو هۆیەوەش کە کەسێتیی ئەو سەرۆکە بە بنەما ئابووری و بازرگانییەکان کاریگەر بووە، بە پرەنسیپی ئابوورییانەی (تێچوون و قازانج – Cost and benefit) سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای ئاراستەدەکرد. بۆیە لە بڕیارداندا بەر لە هەموو شت لەپێشییەتی بۆ لایەنە ئابوورییەکان و دەستکەوتە ئابوورییەکانی ئەمریکا دادەنا. ئەوەش لە درووشمی (دووبارە ئەمریکا مەزن دەکەینەوە) بەرجەستە بووبوو.

دەشێت لە چەند خاڵێکدا پرەنسیپە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی (دۆناڵد ترەمپ) بخەینەڕوو: (مؤلف جماعي، ٢٠١٧: ٢٩١).

یەکەم: لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا درووشمی پراگماتیزمانەی (یەکەم شت ئەمریکا) بە خەستی ڕەنگیدایەوە. بەو واتایەی کە چیدیکە ئەمریکا پێویست نیە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دیکە بپارێزێت و ڕۆڵی پۆلیسی نێودەوڵەتی ببینێت و "قوربانییان بۆ بدات". خۆ گەر ئەو پاراستنەش ڕوویدات، ئەوە پێویستە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ئاڵوگۆڕکراو بێت و لە بەرانبەردا ئەمریکا قازانجی گەورە بکات.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

دووەم: (ترەمپ) لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا پێچەوانەی (تاكجەمسەری و ڕۆڵی سەركردایەتیكردنی جیهان)، جێبەجێكاری بنەمای (دوورەپەرێزی-Isolationist) بوو. وای دەبینی كە پێویست نیە سیاسەتی ئەمریكا لەسەر بنەمای دەستتێوەردانی دەرەكی و خۆخەریكردن بە قەیران و كێشەی دەوڵەتانەوە سیاسەت دابڕێژێت، ئەگەر بێت و ئەو دۆزانە خزمەتی بەرژەوەندیی ئەمریكا نەكەن. لەو چوارچێوەیەدا ترەمپ خاوەنی ڕوو وەرگێڕان لە سیاسەتی دەرەوە و خۆخەریككردنی زیاتر بە سیاسەتی ناوخۆییەوە بوو. هەربۆیە سەرنجی سەرەكی لەسەر (ناسیۆنالیزمی ئابووری) و (ژیاندنەوەی ڕۆحی نەتەوەیی)ی ئەمریكا بوو.

سێیەم: (ترەمپ) باوەڕی بە (دەستتێوەردانی مرۆیی-Humanitarian Intervention) لە سیاسەتی دەرەكیدا نەبوو. پێیوابوو ناردنی هێزی سەربازیی ئەمریكا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دیكە و بە ناوی دیموكراسی و مافی مرۆڤەوە، زەبری لە ئابووریی ئەمریكا داوە و دەبێت لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەتیی سەربازی و سیاسیدا دەوڵەتانی دیكەش بە ئەركی خۆپارێزیی خۆیان هەستن. ئەگەرنا لە بەرانبەر پاراستنیان دەبێت لەڕووی ئابوورییەوە قەرەبووی ئەمریكا بكەنەوە.

چوارەم: (ترەمپ) بە هزرێكی نەتەوەیی كلاسیكی لە بارەی سیاسەتەوە تێدەهزرا نەک بە باوەڕێكی جیهانی. هەربۆیە لە سیاسەتی نێوخۆییدا سەرنجی ترەمپ لەسەر دروستكردنی بەربەست بۆ كۆچبەران ( Anti-Immigrant and nativist)و بەهێزكردنەوەی ئابووری نێوخۆیی و هاندانی كۆمپانیاكانی ئەمریكا و زیادكردنی باجی زۆر بوو لەسەر كۆمپانیا بیانییەكان. بەوەش (ترەمپ) چوارچێوەی هاوكاری و كاركردنی پێكەوەیی تەسكتر كردەوە و ئامانجی یەكەمی سیاسەتی نێوخۆیی بە (هاووڵاتی ئەمریكی) بەستەوە.

لایەنێكی دیكەی بنەمای سیاسەتكردنی ترەمپ بریتی بوو لە ڕێچكەی (الواقعية-Realism Approach) كە لەسەر هەردوو میكانیزمی "هێز" و "بەرژەوەندی" سیاسەتی خۆی دادەڕێژێت و گرنگییەكی ئەوتۆ بە دامەزراوەكان و بنەمای (پێشتپێكبەستنی هەمەلایەنە) نادات، بەڵكو دەبێت هەر دەوڵەتێك لە خەمی خۆیدابێت و لەسەر بنەمای (پشتبەخۆبەستن) خۆی بپارێزێت (عزیز و ایدام، ٢٠٢٠: ٢٧٨).

سیما سیاسییەكانی (دۆناڵد ترەمپ)، بووە هۆی ئەوەی چەمكێك بە ناوی (ترەمپگەرایی-Trumpism) لە ناوەندەكانی لێكۆڵینەوەدا بێتە بەرباس، كە گوزارشت دەكات لە دروستكردنی سنووری ئەمنی-ناسیۆنالستی و دروستكردنی ڕێچكەیەكی نوێی موحافیزكارانە و بەسەنتەركردنی بنەمای گرێبەستی ئابووری لە پرۆسەی سیاسیدا، هاوكات پشتبەستن بە پۆپۆلیزم و پشتكردن لە دامەزراوەكان و بەكارهێنانی تاكڕەوی لە بڕیاردان، فەرامۆشكردنی هاوكاری و هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی لەسەر بنەما سیاسییە هاوبەشەكان (مركز الدراسات و الابحاث الانسانية مدى، ٢٠١٨).

ترەمپیزم بووە هۆی ئەوەی لەسەر ئاستی جیهاندا، ئەمریكا خۆی لە ڕابەرایەتیی پرس و چەمكە سیاسییەكانی وەكو دیموكراسی و مافی مرۆڤ و هاوكاریكردنی وڵاتان بەدووربگرێت و لە چەندین دامەزراوە و ڕێككەوتننامەش دەرچێت، وەكو ڕێككەوتننامەی پاریس بۆ ژینگە و كشانەوە لە یونیسكۆ و دەستبەردان لە ڕێككەوتننامەی ئەتۆمیی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئێران و ڕاگرتنی بودجە بۆ ڕێكخراوە هاوبەشەكان. بۆیە (ترەمپ) بەشێوەیەكی ڕەها لەسەر هزرێكی سوودخوازانە و پراگماتیكییانە سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە ماوەی حوكمڕانیی خۆی داڕشت (موقع الشروق نیوز، ٢٠١٩).

فەیلەسووفی فەڕەنسی (ئالان بادیۆ) لە شیكردنەوەی بۆ ئەو ئاراستەی سیاسەتی ترەمپ پێیوایە "ترەمپگەرایی دۆخێكە لە پۆپۆلیزمی خودپەرستی زێدەڕۆ كە لە كرۆكی خۆیدا دژ بە دیموكراسیی هاوولاتیی ئەمریكییە و بە هەموو شێوەیەكیش دژ بووە لەگەڵ فرەییدا، بەڵكو تێپەڕاندنی كێبەركێی دیموكرات و كۆمارییەكانە و بەستنەوەی بڕیاری سیاسییە بە تاكەكەسێكەوە (مرقص، ٢٠١٩).

لە سیاسەتی ترەمپ، بەرانبەر عێراق، هەوڵدرا هەوڵ و توانا ئابوورییەكانی ئەمریكا لە ڕێكخستن و پشتیوانیكردن و پاراستنی عێراق كەمبكرێتەوە و عێراق خۆی پشت بە خۆی ببەستێت. هەر لە شەڕی تیرۆر و گێڕانەوەی ئاسایش و كەمكردنەی هەژموونی ئێران لە عێراقدا و بەهێزكردنی حكومەتی ناوەندی. یەكێك لەو خاڵە گرنگانەی ترەمپ جەختی لەسەر كردەوە، بەربەرەكانێی هەژموونی ئێران بوو لەسەر خاكی عێراقدا. هەروەک بەڕێوەبەری پرۆگرامی توێژینەوەی سەربازی و ئەمنی لە پەیمانگای واشنتن (مایكل ئایزنشتات) ڕایگەیاندبوو "لەسەر ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایە ئەوپەڕی توانای خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ئێران لە عێراقدا بخاتەگەڕ. بە تایبەتی بەرانبەر نەرمەهێزی ئێرانی كە خۆی لە مەیدانەكانی سیاسی و ئابووری و مەزهەبی و ڕاگەیاندندا دەبینێتەوە و ئەوەش هەڕەشەیە بۆ سەر سەروەری و سەربەخۆیی عێراق" لە هەمان كاتدا ترەمپ تەنیا وەكو دەستكەوتێكی گەورەی ئابووری و وزە سەیری عێراقی دەكرد (كریم، ٢٠١٨، ٣٤).

لەبارەی ئێرانەوە، ترەمپ پێی وابوو پێویستە ئەمریكا بەرانبەر ئەنگێزەی ئێران بوەستێتەوە كە بۆ تێكدانی ناوچەكە و كۆنترۆڵكردنی حكومەتی دەوڵەتانی ناوچەكە و تێكدانی سەقامگیری لە عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن و لیبیا و سعودیە، لەكاردایە، هەروەها هاوكاریی ڕێكخراوە تیرۆریستییەكانی وەكو حزبوڵڵای لوبنانی و حەماسی فەڵەستینی دەكات. بۆیە پێویستە هاوپەیمانە كۆن و نوێیەكانی ئەمریكا دژ بە هەژموونی ئێران بوەستنەوە.

هەروەها پێویستە دووبارە چاو بە ڕێككەوتننامەی ئەتۆمیدا (كە ترەمپ بە ڕێككەوتنێكی كارەساتاوی گوزارشتی لێ دەكرد) بخشێندرێتەوە، زیاتر لەوەش ڕەتبكرێتەوە و بەپێی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا سەرەدەری لەگەڵدا بكرێت و هەرچۆنێك بێت ئێران لە گەیشتن بە چەكی ئەتۆمی بێبەش بكرێت. لەو چوارچێوەیەشدا بابەتی بڵاوبوونەوەی موشەكە بالیستییەكانی ئێران دەبێت چارەسەر بكرێن كە بەو هۆیەوە هەڕەشەی پێ لە هاوسێكانی و بازرگانیی ناوچەكە و جیهانی دەكات. بۆیە بە پێچەوانەی هەڵوێستی (باراک ئۆباما) كە سیاسەتەكانی بووبووە هۆی بەستنی ڕێكەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، (دۆناڵد ترەمپ) ڕاددەی ململانێی نێوان ئەمریكا و ئێرانی بەرزكردەوە و ڕێگەی دیپلۆماسی و گفتوگۆی بڕی (جمعە، ٢٠١٩، ٩٠)

لە سوریاشدا ترەمپ چەند سیاسەتێكی پراگماتیكیانەی گرتەبەر، وەک پاشەكشەكردن لە داواكردنی ڕووخانی ڕژێمی (بەشار ئەسەد) لە پای جەنگان و لەناوبردنی ڕێكخراوی تیرۆریستی داعش و "تیۆری ئیسلامی". ئیدارەی ترەمپ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

پێیوابوو لاوازبوونی ناوەندییەتی دەوڵەتی سوریا ڕێگەی بۆ پەرەسەندنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان خۆشکردووە، لەناوبردنی ئەو هێزانەش بە پشتیوانیی دەوڵەتی سوریا دەبێت. هەروەها بەهێزکردنی هەژموونی ئەمریکا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە ناوخۆی سوریادا. کە لە چوارچێوەیدا ترەمپ دەیوست هەموو هەوڵە نێوخۆیی و هەرێمییەکان بۆ لەناوبردنی داعش لە سوریادا تەرخان بکات و کەمتر سەرنجی لەسەر ئەوە بوو کە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ڕووسیا و تورکیا و سوریادا بەرەو خراپتر ببات. هەروەها لەسەر ئاستی ئەکتەری نادەوڵەتیش هاوکاری سەربازیی زیاتری پێشکەشی (هێزەکانی سوریای دیموکرات) کرد بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی داعش (نوح، ٢٠١٧، ص ٢٥٢-٢٥٦).

**دەشێت لە چەند خاڵێکدا گرنگترین جیاوازییەکانی پراگماتیزمی (باراک ئۆباما) و (دۆناڵد ترەمپ) بخەینە ڕوو کە بریتین لە:**

١- لەسەردەمی (باراک ئۆباما)دا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پرسی پراگماتیزم وەکو ئامرازێک لە جێبەجێکردنی سیاسەتدا بەکاردێنێت. بەڵام لە سەردەمی (دۆناڵد ترەمپ)دا پراگماتیزم خۆی وەکو ئامانجێکی گرنگی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پیشاندەدات و دەبێتە پرسێکی ڕەها و بایەخداری داڕێژەری سیاسەتی دەرەوە.

٢- لە سەردەمی ئیدارەی (باراک ئۆباما)دا، پراگماتیزم بەشێوەیەکی ڕێژەیی و نەرم لە چوارچێوەی (هێزی زیرەک)ی ئەمریکادا بەکارهاتووە، بەڵام لە سەردەمی (دۆناڵد ترەمپ)دا، پراگماتیزم بەشێوەیەکی ڕەها و زەق، پشتبەستبوو بە بنەمای ئابووری و هێزی زبر دەرکەوت.

٣- لە سەردەمی ئۆبامادا، سیاسەتی هاوکاریکردن و پشتپێکبەستن و دانووستان لەگەڵ وڵاتاندا پەیڕەو دەکرا و لە هەمان کاتیشدا سنووردانانی سەربازی و ئابووریش دەگیرانە بەر، بەڵام لەسەردەمی ترەمپدا، زۆربەی سەرنجە سیاسییەکانی سیاسەتی دەرەوە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندیخوازانە و نابەپرسیارییەتی و نەبوونی هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بەرجەستە بوو.

٤- سیاسەتی دەرەوەی ئۆباما ڕووی لە دەرەوەی وڵات و بەهێزکردنی پێگەی سیاسی ئەمریکا بوو لە ڕێگەی ئاشتییانەوە، بەڵام سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەردەمی ترەمپدا ڕووی زیاتر لە ناوخۆی ئەمریکا و ڕاکێشانی ڕای گشتیی ئەمریکا بوو.

٥- لە سەردەمی ئۆبامادا سەرکردایەتیی ئەمریکا بۆ سیستەمی نێودەوڵەتی ئامادەییەکی بەهێزی هەبوو، بە تایبەت لە ڕێکخراوە و دامەزراوە نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننە نێودەوڵەتییەکاندا. بەڵام ئاراستەی ترەمپ بەرەو خۆ بەدوورگرتن و دەستتێوەرنەدان و پشتیوانینەکردنی وڵاتان بوو. ئەوەش بنەمای پشتبەخۆبەستنی تاکلایەنەی بەهێزتر و ڕەوتی سیاسەتی ئەمریکای زیاتر بەرەو تاکلایەنی برد.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## دەرئەنجام :

**لە کۆتاییدا، دەشێت گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:**

1- لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، سەرهەڵدانی فەلسەفەی پراگماتیزم وەکو فەلسەفەیەکی کرداری و ئامانجخواز کە لەسەر بنەمای تاقیکردنەوە و ئەزموونکردن لە بیرکردنەوە و فەلسەفەی ئەمریکادا دەرکەوت. ئەو فەلسەفەیە دەرەنجامی شێوەی ژیانی ئەمریکییەکان و کلتووری کۆمەڵگەی ئەمریکی بوو کە گرنگیپێدەرێکی سەرەکیی ئایندە و درووستکردنی ئەنجام و فەلسەفەی کردار بووە.

2- پراگماتیزم لە هەوڵدا بووە ڕێچکە کۆنە فەلسەفییەکان بەجێبهێڵێت و لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە زانستییەکان و میتۆدە مەعریفییە نوێیەکاندا لێکدانەوە بۆ سرووشت و کۆمەڵگە و مرۆڤ بکات. لە سۆنگەی ئەو خوێندنەوە کۆمەڵایەتی و بایلۆژی و دەروونییانەوە، پەی بە سرووشتی ململانێ و زیندوێتیی بەرژەوەندییەکان و سوودخوازیی مرۆڤ بردووە و بۆی ساغ بووەتەوە کە کۆمەڵگەی مرۆیی جگە لە ململانێیەکی نەبڕاوە و بەدیهێنانی بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکانی، شتێکی دیکە نیە.

3- سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە تایبەتی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و جەنگی دووەمی جیهانی، لە ژێر کاریگەریی ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی جیهان و ڕۆڵی زلهێزییەتی، لەسەر بنەمای پراگماتیزم بەڕێوەچووە. لەو چوارچێوەیەدا تاکە ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بریتی بووە لە پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و بەرژەوەندییە زیندووەکانی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا. هەر ئەو ئامانجەش بووە وایکردووە ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهان وەکو دەوڵەتێکی فراوانخواز و بەهێز بیربکاتەوە و ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی جیهان بگێڕێت. بیرکردنەوەی خەسڵەت ئەمریکییانە هەڵگری هێز و بەرژەوەندییە کە لەسەر بنەمای پراگماتیزم بەدی هاتوون.

4- بە درێژایی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەمریکا لە پرسی سەرۆکایەتیکردنی ئەو وڵاتەدا، چ لەسەردەمی دیموکراتەکان یان کۆمارییەکاندا بووبێت، گۆڕانکاری لەسەر ئاستی سەرۆکایەتیکردن و تاکتیک و میکانیزم بەدیهاتووە، بەڵام بەهای نەگۆڕ بریتی بووە لە بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لەسەر بنەمای سوود و بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکا. بۆیە چ لیبڕالیستەکان یان ڕیالیستەکان لە کاتی جیاوازدا، لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەدا ئامانجی سەرەکییان بەدیهێنانی بەرژەوەندییە گرنگەکانی ئەمریکا بووە، بەڵام بە میکانیزم و ئامرازی جیاوازی سیاسەتکردن.

5- لە سەردەمی سەرۆکایەتیکردنی (باراک ئۆباما) سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە بنەماکانی هێزی زیرەک بەستبوو کە خۆی لە تێکەڵکردنی هێزی نەرم و هێزی ڕەقی ئەمریکادا دەبینییەوە. تاقیکردنەوە و ئەزموونکردنی ئەو سیاسەتە کۆمەڵێک بەرژەوەندی و ئامانجی بۆ ئەمریکا لە ماوەی هەشت ساڵی حوکمڕانیکردنی (باراک ئۆباما) لێکەوتەوە. لەلایەکەوە تاقیکردنەوەی کۆمەڵێک بنەمای سیاسی نوێ بوو دوور لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

بەکارهێنانی هێزی ڕەق. لەلایەکی دیکەوە پیشاندانی وێنەیەکی جیاوازی ئەمریکا بوو کە دوور لە بەکارهێنانی زبرەهێز دەیەویت لەگەڵ جیهاندا مامەڵە بکات.

6- لەسەردەمی سەرۆکایەتیکردنی (دۆناڵد ترەمپ)، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پشتی بە کۆمەڵێک بنەمای نوێی ڕیالیستی بەست، کە خۆی لە پرەنسیپەکانی (خۆبەدوورگرتن-Isolation) و (ناسیۆنالیزمی ئابووریی ئەمریکی) و پۆپۆلیزمی ئەمریکاپەرست) و (قازانجویستی) دەبینییەوە. لەم ڕووەوە سیاسەتی ئەمریکا بە ئاراستەی ڕووکردنە سیاسەتی نێوخۆیی و دەستبەردان لە ڕۆڵی پۆلیسی جیهانی و فۆکەس خستنە سەر کایەی ئابووری بوو. ئامانجە سەرەکییەکەش بەهێزکردن و گەورەترکردنی ئەمریکا و پشتکردنە دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بوو لە ژێر درووشتی "بەرژەوەندیی تەنیای ئەمریکا" و کورتکردنەوەی سیاسەتی پراگماتیکانە لە ئاڵوگۆڕکردنی قازانج و سوود لەگەڵ دەوڵەتاندا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# The Pragmatism of US Foreign Policy in the Obama and Trump Administrations.

## (Analytical comparative political study)

**Hema Niazi Hamad**
International Relations & Diplomacy Department, College Of Political Science, University Of salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Hema.niazy@yahoo.com

**Abstract:**

This researched has tried to analyze the philosophy of pragmatics and its development as well as applying it on the level of America's foreign policy in the cabinet of both American Presidents Barack Obama and Donald Trump in a comparative way to analyze and investigate it.

The philosophy of Pragmatics in the center of American policy had an important position in the formulation of foreign policies and decisions and its application between Barack Obama and Donald Trump's administration, was embodied in different forms and mechanisms which understanding this political perspective and direction is helpful to increase an understanding about formulation and application of American foreign policy.

It has been tried to answer the main question of the research within the context of this research, which is how did the main and clear difference of getting benefit from pragmatism between both Obama and Trump's administration has reflected in the American foreign policy?

In the research, it was hypothesized that pragmatism was generally used in American foreign policy to protect America's living interests and applying pragmatism between each Obama and Trump's administration and how it is reflected in American foreign policy.

This research has reached the conclusion that pragmatism in the era of Barak Obama's administration has embodied itself in the form of a clever and hidden soft Power that has not ignored actors and other parties in the international arena despite the desire to protect American interests. But in Donald Trump's era, pragmatism has applied itself in the form of hard, obvious pragmatism, economic, and political interests of America, which was the main desire to protect America's interests.

**Keywords:** Pragmatism, Foreign Policy, Barack Obama, Donald Trump.

## سەرچاوەکان:

فەرەج، ئەنوەر محەمەد (٢٠١٦)، تیۆری ڕیالیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، و: خەلیل کەریم محەمەد و ئەحمەد عەلی ئەحمەد، سلێمانی، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان.

محەمەد، هیوا (٢٠١٢)، فەلسەفەی پراگماتیک، گۆڤاری ئایدیا، ژمارە ٣٦.

احلام، بن سلامة (٢٠١٦)، أصول فلسفة التربية عند جون ديوي (رسالة ماجستير)، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة محمد بوضياف.

اناتول، ليفين (٢٠٠٨)، امريكا بين الحق و الباطل، ت:ناصر السعدون، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية.

بلاتونوف، أوليغ (٢٠٠٢)، لهذا كلة ستنقرض أمريكا (الحكومة العالمية الخفية)، ت:ئائلة موسى و ايرنيا بولمشينكايا، دمشق، ط:الاولى، دار الحصارد للطباعة و النشر.

الجاسور، ناظم عبدالواحد (٢٠٠٤)، موسوعة علم السياسة، ط الاولى، عمان، دار مجدلاوي للنشر و التوزيع.

جديدي، حمد (٢٠٠٥-٢٠٠٦)، الحداثة و ما بعد الحداثة في فلسفة ريتشارد رورتي (أطروحة دكتوراه)، الجزائر، كلية العلوم الانسانية و العلوم الاجتماعية، جامعة منتوري قسنطينة.

جرجس، فواز (٢٠١٤)، أوباما و الشرق الأوسط: مقاربة بين الخطاب و السياسات، ط:الثاني، ابوظبي، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتيجية.

جلال، شوقي (٢٠١٠)، العقل الامريكي، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

جمعة، فادي (٢٠١٧)، العلاقات الامريكية و تداعياتها على منطقة الشرق الأوسط، ط:الاولى، القدس، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع.

جونسن، لويد (١٩٨٩)، تفسير السياسة الخارجية، الرياض.

جيمس، وليام (٢٠٠٨) البراجماتية، ترجمة محمد علي العريان، تقديم زكي نجيب محمود، القاهرة، المركز القومي للترجمة.

جيمس، وليام (بدون سنة)، بعض مشكلات الفلسفة، ت: محمد فتحي الشنيطي، المؤسسة المصرية العامة للطباعة و النشر.

جيمس، وليم (٢٠١٤)، البراغماتية، ت: وليد شحادة، دمشق، دار الفرقد االطباعة و النشر.

الحجيلي، منصور بن عبدالعزيز (بدون سنة)، البراجماتية: عرض و نقد، السعودية، جامعة طيبة.

حمادي، نايف بن عبدالرزاق بن (٢٠١٠-٢٠١١)، الفردية في الفلسفة الباجماتية دراسة ناقدة من وجهة نظر التربية الاسلامية (رسالة ماجستير)، كلية تربية، جامعة أم القرى.

حميد،، نزار نجيب (٢٠١٣)، الذريعة في الفلسفة البراكماتية و انعكاسها على السياسة الخارجية الامريكية في القرن الحادي و العشرين، الموصل، مجلة كلية العلوم الاسلامية في جامعة الموصل، عدد١٤.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

خدومة، بالهواري (٢٠١٥-٢٠١٦) أسس المذهب البراجماتي وليام جيمس نموذجا (رسالة ماجستير)، كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية، جامعة الدكتور مولاى الطاهر.

دشر، ميثاق مناحي (٢٠١٦)، النظرية الواقعية: دراسة في الاصول و الاتجاهات الفكرية الواقعية، مجلة أهل البيت، العدد ٢٠.

راسل، برتراند (١٩٧٧)، تاريخ الفلسفة الغربية ، ت: فتحي شنيطي، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

الرمضاني، مازن اسماعيل، السياسة الخارجية، بغداد، جامعة البغداد.

سمية، حيرش (٢٠١١-٢٠١٢)، الفلسفة الامريكية بين اللبرالية و البراغماتية: شارل بيرس نموذجا (رسالة ماجستير)، الجزائر جامعة وهران، كلية العلوم الاجتماعية.

سهام، مسعود (٢٠١٢-٢٠١٣)، الأبعاد الاستراتيجية للسياسة الأمريكية تجاه المغرب العربي بعد الحرب الباردة، رسالة ماجستير، مستغانم، جامعة عبدالحميد بن باديس.

شكري، فايزة أنور(٢٠١١)، القيم الأخلاقية، الاسكندرية، دار المعرفة الجامعية للنشر.

شيباني، اناس (٢٠١٨ -٢٠١٩) في تحليل السياسة الخارجية: النماذج النظرية بين ضرورات التعدد و مساعي التكامل (اطروحة دكتوراه)، ، باتنة، جامعة الحاج لخضر.

الصباغ، عبداللطيف (٢٠١٤)، العلاقات الدولية، ط:الاولى، بنها.

الصفار، ايناس مهدي ابراهيم (٢٠١٤)، ابعاد الفكر البرجماتي في فن الباوهاوس، مجلة جامعة بابل، المجلد ٢٢، العدد ٥.

الطويل، توفيق (١٩٥٣)، مذهب المنفعة العامة في فلسفة الأخلاق، ط: الأولى، القاهرة.

العادي، سالم حسين رمضان (٢٠١٦)، الذرائعية كأداة تحليل للخطاب السياسي الأمريكي، مجلة الساتل العلمية المحكمة، العدد ١٧.

عزيز و ايدام، عباس هاشم سعد رزيج (٢٠١٤)، السياسة الخارجية الامريكية ازاء منطقة الشرق الاوسط في عهد الرئيس دونالد ترامب و افاقها المستقبلية، بغداد، جامعة بغداد.

قبلان، مروان (٢٠١٥)، المسألة السورية و استقطاباتها الاقليمية و الدولية، الدوحة،المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات.

القيسي، محمد وائل (٢٠١٦) الأداء الاستراتيجي الأمريكي بعد العام ٢٠٠٨ (ادارة باراك اوباما أنموذجا)، ط:الاولى، الرياض، دار العبيكان.

كاظم، رائد جبار (٢٠٢٠) الفلسفة البرجماتية: نقد الفهم السائد، موقع الالكتروني شبكة النبأ، على الرابط الاتي: https://annabaa.org/arabic/authorsarticles/22246

كريم، منصور أبو (٢٠١٧)، أبرز ملامح السياسية الخارجية الأمريكية تجاه منطقة الشرق الأوسط بعد فوز ترامب، غزة، مركز رؤية للدراسات و الأبحاث.

كلارك، ويسلي (٢٠٠٤)، الانتصار في الحروب الحديثة: العراق و الارهاب و الامبراطورية الأمريكية، ت: عمر الايوبي، دار الكتاب العربي.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لحم، س.م (٢٠٠٤)، القاموس السياسي، بيروت، دار الكتب العلمية.

مجلة اوروك (٢٠١٧)، الاستراتيجية الامريكية في عهد الرئيس باراك اوباما ٢٠٠٨-٢٠١٢: دراسة في الاهداف السياسية و الاقتصادية، العدد الاول.

محمد، خالد هاشم (٢٠٢٠)، الأستراتجية الامريكية تجاه العراق خلال الفترة ٢٠٠٨-٢٠١٦، ط:الاولى، برلين، المركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية و السياسة و الاقتصادية.

محمود، زكي نجيب (١٩٩٣)، من زاوية الفلسفة، ط: الرابعة، القاهرة، دار الشرق.

مدي، مركز الدراسات و الابحاث الانسانية (٢٠١٨) ، الترامبية كفلسفة سياسية و أثرها على العلاقات الدولية، ٦ ابريل، يوم زيارة ٢٠٢١.١.٢٣، على الرابط: http://madacenter.ma/news298.html

مرقص، سمير(٢٠١٩.٦.٥)، الفلسفة و الترمب، موقل المصري اليوم، يوم زيارة ٢٠٢١.١.٢٣، على الرابط: https://www.almasryalyoum.com/news/details/1402727

مقلد، اسماعيل صبري (١٩٧١) العلاقات السياسية الدولية، دراسة في الأصول و النظريات، الكويت: مطبوعات جامعة الكويت.

ممدوح، مجدي (٢٠١٧)، الداروينية الاجتماعية: منطلقاتها النظرية و اعلامها، اردن، مجلة افكار، عدد٦.

المهرج،، علي عبدالهادي (٢٠٠٨)، الفلسفة البراجماتية: اصولها و مبادئها، ط: الاولى، بيروت، دار الكتب العلمية.

الموساوي، عبدالحميد العيد (٢٠١٤)، العلاقات الأمريكية الايرانية في عهد الرئيس أوباما، بغداد، مركز الدراسات الاستراتيجية و الدولية.

موقع الشروق نيوز (٢٠١٩)، الترامبية في بعض ملامحها، ١١ اكتوبر ، يوم زيارة ٢٠٢١.١.٢٣، على رابط: https://www.shorouknews.com/columns/view.aspx?cdate=11102019&id=871ca0c9-ec9d-42ee-a5db-51ce5a76a8fc

مؤلف جماعي (٢٠١٧)، الشرق الاوسط في ظل اجندات السياسة الخارجية الامريكية، ط: الاولى، برلين، المركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية و السياسية و الاقتصادية.

النعيمي، أحمد نوري (١٩٩١)، السياسة الخارجية، ط: الاولى، بيروت، دار السنهورى.

نوح، ضياء (٢٠١٧) السياسة الخارجية الامريكية لترامب تجاه سوريا، ط:الاولى، برلين، المركز العربي للدراسات الاستراتيجية و السياسة و الاقتصادية.

هاس، ريتشارد (٢٠٠٧)، الفرصة: لحظة أمريكا لتغيير مجرى التأريخ، ت: أسعد كامل الياس، ط:الاولى، الرياض، دار العبيكان.

وين، رالف ن . (١٩٦٤)، قاموس جون ديوي للتربية ، ت: محمد علي عريان، القاهرة، مؤسسة فرانكلين للطباعة و النشر.

يوسف، ليث بدر الخطاب (٢٠١٩)، الاعلامي للرئيس ترامب في الانتخابات الامريكية، ، بغداد.، مجلة باحث الاعلامي، العدد ٤٢.

Barbalet, Jack William James (2004), Pragmatism , Social Psychology and Emotions, European Journal Of Social Theory, London, 7(3).

Cambridge Dectionary:from:
https://dictionary.cambridge.org/dictionary/learner-english/pragmatism

James, William (1907), Pragmtism : A new name for some old ways or thinking.

james, william What Pragmatism Means, distinguishes two different but interrelated stands of pragmatism:a theory of meaning and theory of truth, Rydenfelt.

Khan, Ismail (2013), The Obama Doctrine- a multipolar foreign policy (Research paper), linneuniversitet university.

Lacey, A.R. (2005), A dictionary of Philosophy, Department of Philosophy, King's College, New York

M.McCormick, James(2011), The Obama Presidency: A Foreign Policy of Change?, Jowa State University

Nubiola, Jaime C.S. Peirce (1996): Pragmatism and logicism,Philosophia Scientice, University of Navarra.

Oxford Dectionary(2008), from
https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/pragmatism?q=pragmatism